شـــيعر

فازيل شـــەوڕۆ

# بولبولی ناو قەفەزیش دەخوێنێ

٢٠٢١

ناوی کتێب:     بولبولی ناو  قەفەزیش دەخوێنێ

نووسەر:        فازیل شـەورۆ

بابەت:         شـیعر

نەخشەسازی: عادل زرار

چاپخانە :       چوار چرا - سلێمانی

ساڵ:           ٢٠٢١

تیراژ:          ٥٠٠   دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی کتێبخانە گشـتییەکان لە هەولێر، ژمارەی سپاردنی (٣٠٦٩) ی لە (٢٠٢١  ) پێدراوە.

ئەم پەیڤانەم،

پێشکێشە بە:

(تایەن و ڕەسەن و ڕەندی).

بولبولی ناو قەفەزیش

دەخوێنێ

## (پەنجەکان)

**(١٠)**
دە پەنجە
لەو دێیە
ئاو هەڵدەهێنجن
مانگا دەدۆشن
مەشکە دەژەنن
تەشی دەڕێسن.

**(٥)**
پێنج پەنجە
لەو ماڵە
پەردەی سەر پەنجەرەکان لادەدەن
گوڵی ئینجانەکان ئاو دەدەن
لەبەردەم ئاوێنەی ڕووم
پرچی یار
شانە دەکەن.

(٤)
چوار پەنجە
لە کەنار ئەو دەریایە
کرێمی دژە خۆر
لە پێستی بڕۆنزی پەریزادێک
هەڵدەسوون
تیشکەکانی کۆڵم و سینەی
لێزەرن
هەرکە دەبریسکێنەوە
چاوان ڕۆشەن دەکەنەوە.

(٣)
سی پەنجەی ژنێک
هەموو ساڵێ
لە (١٢) ی شوبات
وەک هەرزەکار
لەسەر کارتێک
دڵێک دەنەخشێنێ و
لە ژێریدا دەنووسێ
"ئەم ڕۆژەت پیرۆز، گیانەکەم".

(٢)
دوو پەنجـەی ناسکۆڵـە
هـەموو بـەیانییـەک
بـە کـەوچکێکـی زیووین
چایشـیرەکـەی تێکدەداو
خۆشــەویستیی
دڵـی خۆی و دڵـی من
لـە فنجانـی زایـەڵـەی ڕۆحـدا
جوان جوان
تێکـەڵاو دەکا.

(١)
یـەک پەنجـە
لـە ناو جـەرگـەی شــارەکـەم
هـەر یـەک پەنجـە
لـەبـەردەرگای کۆنـەسـەرا
بـە چوارده فیشــەک
ژنێـک
خـەڵتانـی خوێن دەکا.

## (هەڵەبجە)

تا لێت هەڵگەڕێنەوە و
پشت لە بەهەشتەکەی تۆ بکەن
تف لە بەهەشتەکەی تۆ بکەن
بە بۆنی
جوانترین و
خۆشترین
میوەی باخ و ڕەزەکانی تۆ
هاتن ئەوانیان خنکاند
هاتن ئەوانیان سووتاند
بە بۆنی سێوەکەی تۆ
کانی و ڕووبار و باغ و ڕەزیان
کوشت
کۆتر و ئاسک و کار و بازیان
کوشت
خاوەر و خونچە و کاڵێ و نازیان
کوشت

خەنی بوون، گوتیان:
ئۆخەی! لە دڵی کوردان
(خودا) مان کوشت
لێ ... پاش (٣٣) ساڵ
بە دیواری هەر ماڵێک
لە هەڵەبجە
(اللە)یەک
هەڵواسراوە،
لە شەکرەسێو
شیرینترە
هەڵەبجە
لە سوور سێو
جوانترە
هەڵەبجە.

## (پینجی ئادار)

شــەو:
شــار، لـە ناو کوورەی ستـەمدا خۆی ڕادەژاند
شــاخ، پووزەوانـەی ئاگری بۆ سبـەینـێ لـە پێدەکرد
دایک، بـەسۆز لایـەلایـەکی دەگوتـەوە
قەت پێشــتر نـەبیستـرا بوو
شــەقام، تینوو، خوێنـی بـەر پێی خۆی نۆش دەکرد.

سـەحـەر:
تـەوێڵـی گـەنج لـەگـەڵ فیشــەک شــەڕی دەکرد
سینـەی کچان بوون بـە قـەلغانـی ئازادی
تـەورداس و پێمـەڕە و بـەرچیغ و گۆپاڵ
شـیشــەی دەرگا و پـەنجـەری
زیندانـەکانیان
لـە مێخڕا توند هـەڵدەکێشــا
ژنێک. .. سووتـاو
لـەســەربان هاواڕی دەکرد:

"قوربانتـان بم، نـەیێنـەوە،
نـەیێنەوە،
تا هـەڵۆم بۆ نـەهێننـەوە
قوربانتـان بم
قوربانتـان بم!"

چێشـتنگاوان:
ئازادی، تازە دەهات بۆ شـار و شـاخ
گزنگی خۆی شـاباش بکا
ئێستاش خوێنی چۆڕاوەی شـەهید هـەر هـەڵمی لێهەڵدەستا
'ئەی پێشـمەرگە" لـەسـەر زاران  وەکو بـەفر دادەباری
زامە پڕ لـەفیشـەکەکان
لـە تاو ئازار خۆیان لـە خۆڵـێ وەردەدا
بـەڵام  هـەرگیز نـەدەگریان.
ئازادی، بـە ئاسمانـەدا هـەڵدەگەڕا، خۆر بوو.
خۆرێکی تیشـک سوور سوور.

پاشـنیوەڕۆ:
خدر، تەلـەوزیۆنێک لـەسـەر شـان
شاگەشکە بوو، ڕایدەکرد
وسوو، مێز و کورسییەکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشـا
عەلۆ، چوار کلاشـنکۆف و دوو دەمانچە و دووربینێکی
لـە دوو قۆڵـی خۆی کردبوو
منداڵێک، سێ نەجمەی زێڕی لەسـەر شـانی خۆی
بەستبوو
هۆمەر، دووربەدووری ڕاوەستا بوو
وەک شـێت لـە سـەری خۆی دەدا
ئایشـەگوڵ بە گریانێک دەم بەخەندە
بە خەندەیەک پڕ لـە گریان
یاخەی هەمووانی دەگرت و لێی دەیپرسین:
"توخوا، هەڵۆتان دیتـەوە؟
توخوا، پێم بڵێن لە کوێیـە،من
من خۆم دەچم دەیهێنمـەوە.

٢٠٢١ / ٣ / ٥

## (عەدۆ)

حەفتا و دوو فریشتەی چاوڕەشی
بسک قەترانی گەنم ڕەنگ
سەریان لە دەرگای بەهەشت دەرهێناوە و
یەک کۆڕاڵ
بە هاژەی بولبول و
چەهچەهەی سۆلاڤ و
زایەڵەی خودا
بانگ دەکەن:
عەدۆۆۆۆۆ ... عەدۆۆۆۆۆ ... عەدۆۆۆۆۆ ...
عەدۆ، هەر خەریکی پاککردنەوەی
بەر دەرگای بەهەشتە
بە برژانگان گەسکی دەدا
بە فرمێسکان دەیڕشێنێ
بە ئاهی سەردی گولاوپڕژێنی دەکا
حەفتا و دوو فریشتە
یەک کۆڕاڵ

بە ڕێژنەی   شـــەماڵ و
بە شـنەی باران و
بە  نەغمەی خودا
بانگ دەکەن:
عــەدۆۆۆۆۆۆ ... عــەدۆۆۆۆۆۆ ... عــەدۆۆۆۆۆۆ ...
عـەدۆ  دەستێکی  لەسـەر دەرگای بەهەشـتە و
دەستێکی لە سـەر شـۆسـتەکەی ئاکرێ
عـەدۆ دەڵـێ
من بچمە بەهەشـتێ
ئـەدی کـێ
گـەسـکان لـە ئـاکرێ دەدا؟

عەدۆ ئەو کەناسـەی شـاری (ئاکرێ) یە کە لە کاتی پاککردنەوەی شـەقامی ئەو شـارە، ئۆتۆمبیل لێیدا و کوشـتی. (٢٠٢٠/١١/١٩)

## (١٤ی گاڕەی ٢٠٢١)

ببورە ئەم بەیانییە
هەر سوورە گوڵێ
من پەنجەی بۆ دەبەم
ئاڵە بە دڵۆپە خوێنی گەشی گاڕە
ببورە
حەزناکەم
بەم بەیانییە
لێوانت ئاڵ بکەم
بە ماچی ئەو گوڵە زامدارە.

***

ببورە ئەم بەیانییە
هەر شووشە عەترێ
من دەستی بۆ دەبەم
پڕە لە مسکی
ئارەقەی نێوشانی
ژنە گەریلاکانی گاڕە

ببوره
حەزدەکەم
لە ڕۆژێک
پیرۆزتر لەم ڕۆژە
بە لێوان
گەردانەوە وگەردنت
بۆنخۆشکەم
بەبۆنی ئەم مسکە بۆندارە.

***

هۆ... هۆ... ژنە چاوڕەشەکە!
با ئەم بەیانییە
لە جیاتی گوڵی سوور
لە باتی گڵامۆر
پێشکێشت کەم
خەندەیەکی سەرلێوی
گیژۆڵە گەریلایەکی گاڕە
خەندەیەک
سپی سپی
سپیتر لە بەفرەکەی گاڕە

گەرم گەرم
گەرمتر لە دڵەکەی گاڕە
سەرشێتتر
لە چەکی سەرشانی
ژنە گەریلاکانی
باوەشی گاڕە.

* گڵامۆر: ناوی شووشە گوڵاوێکی ژنانەیە.

## (عـەیشـــەگروکـە)

دیسـان دەرێم،
ئـەوڕۆکر بـەرێ سـبیانـێ، وا زەینـی خۆتـانـی بدەنـێ
وەک بـە پێش دەرکـی مارێ هاوڕێ حـەیرانـێ دادەهات
بـەرێ سـبیانـێ،
دەرێم ڕاوەستـابوو
لـە دەرکـی خۆشــناوان گەلـەک گەلـەک بـە سـەربڵندی
دەرێم بـە پۆتینـەکی چەکمە کۆییانـی
بـە چارۆگـەکی پەنجـەی عیفەتـێ
هـەڵڵا هـەڵڵا گـەرەک شـیرییـنە لـەبـەر عایشـەگورێ
خودا دەیزانـێ.
***
دەوجا گوتم عـەیشــەگورێ
گۆبـەندی کۆییان گەلـەک خۆشـــە
ئـەوەلـی مانگـی دەرێ بوهاران
لـە دەشــتـی کاولـە هاموونـێ
لـە ناو مێرگ و ڕەشـمار و حاجیلـە و بـەیبوونـێ
زالـم، تۆ چاوێ گوڕێ، با غائینی دەستڕەش پێ نـەزانـێ.

***

حـەیـران دەرێـم ... بـابـە، دەرێـم حـەیـران،
گازدەکـەم، دەرێم لـەسیلـەی دروێش خدری
ئـەمن لۆیە گـەلـەک سـەرداری وا گورج و گۆر و چاو
بـە کلـی گـەردن کۆییمە
دەریم لـە سیلـەی دەروێش خدری
ئـەمن دەچمە سـەر گردی میرسـەیدی حاجی تۆفیقی
دەڕۆمـەوە ئـەشـکـەوتی ئاوەگردی خۆمان
ئـەوا لـە گێی منی خانـەوێرانێ
گـەلـەک گـەلـەک خۆش دێ
دەنگی قازو قورینگان
لـەگـەڵ لاوکی هاوڕێیان
بۆیە عـەیشـــەگور دەرێ
بریا من باجگر و خـەنجـەرچینـەی سـەنگـەران بوومایە
هـەموو فـەسلێ دەری بوهاران
برام لـە دەرکی قیسـەری
لـە پانکی سـەر سـەرایـە
لـە کلکـەی چنارۆکی بڵباسان
لـە جووتـە مـەرقـەدی
باپیر فـەقێ ئـەحمـەدی و
شـێخی جامی
برا ئـەمن دەرێم لـە پیرە هـەولێرێم.

حـەیران دەرێـم ... بابـە، دەرێـم حـەیـران،
چەندی گازدەکەم و گازدەکەم
دەرێم گورێ، شــۆڕەگورێ
دەتۆ سـەری خۆتم لۆ برندکە گەردەنـێ
خـەریتـە و فیشــەکدان دێنـەدەرێ
ئـەمن سوندەکم خواردیە
لـەپاش بـەژنـی گـەڵـەگـەت و
قەد و دەمانچەی کاکە محەمەدی
لـەدنیایـە چیدی ناکەم سـەفـەرێ.

***

حـەیـران دەرێـم ... بابـە، دەرێـم حـەیـران،
سـەرێ من چەند دێشــی
دری منـی بـەخـانـەوێرانـێ بە لێوەلێوە
ئـەمن هـەموو فـەسـڵـی بوهاران
بۆخۆم دێمـە دەوری تۆپزاوا و هـەرمۆتـەی خارە سـێوە
چیبکـەم گروکە و حاجیلـە و بـەیبوون
هـەمووی هـەسـتاینـە پێوە
جانگۆ نازانن سـەبارەت بە چاوێ بـەژنـی بڵند و
قەد ودەمانچەی محـەمـەدی
در منـی خانـەوێرانـێ گـەلـەک گـەلـەک پـەشـێوە.

حـەیـران دەرێـم ... بابـە، دەرێـم حـەیـران،
دەوڕۆکە بـەری ئێواریێ عایشــەگور دەرێتـە
هاوڕێ حـەمـەلاوە
ئـەتو سـەرێ چـەند سـارانـە شـاری قۆچـە شـامێت کووتـاوە
مارت وێران بی
خـەناوکـەی بـە مۆری و مـەرجانت لـەمن چاوە
حـەمـەلاو دەڵـێ:
توخوا دایـە
سـەبرم لێبگرە تا جارێ دەچمـە وراتـی قۆچـە شـامـێ
دەمانچـەی لـە قـەدان دەفرۆشـم لۆت
دەدەم بـە سوورە مـەرجانـێ
قیرسـی خـەنجـەری دەبانیم دەفرۆشـم
لۆت دەدەم بـە قـەنـەفرێ
عـەیشــەگور دەرێ
وەی چاوی دایکت کۆربی، ئـەمن نامـەوێ
ڕەبی لێم بـەمیرات بی مۆری و مـەرجان
قـەنـەفر بـە کفنم داکرێ.

***

حەیران دەرێم ... بابە، دەرێم حەیران،
حەمەلاو دەرێ
گەر سەر سەفینی بەسەر مارە دیانانندا دەڕوانێ
دەمگۆتە بەژنێ شینبۆوەی بەدار و شوولکی جەلادانی
دائیرەی ئەمنی هەولێرێ
دەبێ قەفی زنجیران بپچڕینم
لە زیندانێ بەعسیان وەدەرێنم دایە عەیشەگورێ
دەتۆ وەرە ئەوجا هاوین گەلەک گەلەک گەرمایە
لەبۆ خۆمان ئەمن کەپرەکی
لۆتو دەکەم لەسەری کۆسارێ.

***

حەیران دەرێم ... بابە، دەرێم حەیران،
حەمەلاو دەرێ
بناغەی کەپرێ دادەنێم لە سۆتکەی
دیواری دەکەم بە قەنەفرێ
کاریتەی داوێمی لە باسکی خۆم و ڕۆستەم و بەشدارێ
سەری دەگرم بە چەکووشی خۆم و داسی سەپانێ
خۆرەئاوی دەکەم بە سوورمەی بن پێی کاوێسی
مارنجی دەکەم بەخاسە ڕەنگی سۆڕاوێ
دەیرشێنم بە گورواى بن بسکی فریشتە نازدارێ
ئەوجا شەوێ
لە سێ بارێ نیوەشەوێ
دەستی بەژنی ئەوی شۆڕە شەهیدی دەگرم

دەیبەمە ناو کەپرە سووریّ، شــەوبای شــەوانی لێدا
چاوەکەم بۆنی بڕوا
بەسەر وراتی کۆیە و هەولێریّ
حەیران،
لە خۆم درکزیّ
بەژن بریندارى سەرە نێزیّ
ئەمن هەموو فەسڵی بوهاران
لەبۆخۆم ببام ئێشکچی
مارەکەی عەێشــەگرۆکیّ
لە پێش و پشــتی سەر تەمتومانیّ
لە زارکی باواجی
نەوەڵڵا لە سەر هەیبە سوڵتانیّ
حەیران دەرێم
لە لوانی کانی سۆرکیّ
لە سپیلکی گردە سپیانیّ
هەروا دێنە خوار
بسکشــۆڕی کۆییان و
چاوبەڵەکی  کافرۆشــیان
فەسلەکی دەرێم هاوینە لەسەری کۆساری
لەسەر کانی کانیە قەرە و ئۆمەرخوچانی
بە دەستەکی تارای سوور هەڵدەدەن و
بە دەستەکی ئاڵای کوردستانیّ

لەسەر گڵکۆڵەی عەیشەگروکەی
شێرەژنێ
شۆڕەژنێ
کۆییەژنێ
خانزادی شەڵاڵ خوێنی زیندانێ.

٦ / ٢ / ٢٠٢١ دوبلن




## (پوولەکەی  پاپا)

**"بۆ باڵیوزانی کۆشـــک و قەڵا..."**

بـە قـۆرئـان و
بـە تـەورِات و
بـە ئـینـجیل
بـە هـیلال و
بـە سـەڵیب و
بـە قـەندیل
هـەموو چـەرچـی و
سـنووردز و
تریاکخـۆر و
ئـاشـقـانـی مـەمک و کورسـی
درِۆ دەکـەن
درِۆ دەکـەن
درۆ دەکـەن

لـه نێو دڵ و
ڵـه نێو ڕۆحـی
پاڵـه  و جووتیار
بێری و سـەرکار
کۆرپەی  بێشـکه و
پیرەمێرد و پیرێژنـی
ئـەم خـاکـەیـەدایـه ...
بـەرز و بـاڵا
کوردسـتـانـی
سـەر پوولـه جوانـەکەی پاپا .

## (داگیرکردن)

هزر باران
دەروون سرووە
خەیاڵ ئاسمان
لەو ڕۆژەوە
سەرت ناوەتە سەر سینەم
هەرچی هەیە لەم گەردوونە:
ستێرە و مانگ
هەسارە و ڕەنگ
بەفر و کوێستان
باغ و بێستان
تاڤگە و ڕووبار
گوڵ و بەهار
قاز و قوڵینگ
تریفە و گزنگ
خۆر و هەتاو
کانی و کانیاو

ماچ و ئامێز و ڕامووسان
پەروانە و شـەم و داگیرسان
هەرچی هەیە لەم گەردوونە
بە ناوی تۆ بانگیان دەکەم
بە ناوی تۆ ناویان دەبەم.

## (دیـاری)

دەگـری
زارا، هـوون هـوون
بـە زار دەگـری
ئـاخر ئیمڕۆ
ڕۆژی لـە دایکبوونـی
خۆشــەویســتترین هاوڕێیـەتـی و
هیـچ دیاریشــی بۆ نـەکڕیووە!
دەگـری زارا ، هـوون هـوون
بـە دڵ دەگـری
ئـاخر چاوی دەخیلـەکـەی هـەڵزڕاوە
ئـاخ... باوکە مامۆسـتایـەکـەی
دیسـان حـەبی (مـایگرێن)ی لێبڕاوە!
دەگری زارا
بـە زار دەگری
بـە دڵ دەگری
ڕوو لـە ئـاسمـان دەسـت هـەڵدەبڕێ
ئـەمسـاڵێش وەکو سـاڵـی پار
بۆ هاوڕێیان
چـەپکێک گوڵـی پێناکڕێ.

## (ســپوساغ)

(١)

بەتۆقەڵەی ئاسمانەوە

باشــووکەیەک.

لەبەرماڵان

ژیشــک ئاسا

خۆی گیف دەکاتەوە و

وەکو مەزراح

بە دەوری جووجەڵەکانیدا دەخوڵتەوە

گارەگارپیەتی

مریشکە کڕک.

(٢)

سینگی لە زەوی

پڕدەداتە قورئانەکە و

ڕوو لە ئاسمان:

"ئەمانەتی خۆتە، خوایە،

وەک کووت بردیتە غەریبی

هەر ئەهواشم لۆ بینیەوە!"

لەو ڕۆژەوە

زەنگی هەر مۆبایلێک بێ

یەکسەر لە جێی خۆی هەڵدەستێ

هەر زەلامێک تێبپەڕی

بەناوی من بانگی دەکا و لەبۆی دەچێ

لەو ڕۆژەوە

خەو لەچاوانی زڕاوە

دەم و وەعدی نوێژەکانی لێ شـێواوە

ناوی خۆشـی بیرنەماوە

دایکۆڵەکەم

من سپووساغ

کوێرایی چاوانم دابێ

بۆ دایکەکەم!

٤/ ٢/ ٢٠٢١ دوبلن

**(بغـداد)**

(١)

"يـا دجلـة الخيـر..."
چیتر بـەرەو ئێرە شــۆڕمـەبـەوە
خوێنی ئـەو هـەموو شــەقامـە
بـە تۆ نـاشـووریێتـەوە
کوا ئـەو هـەموو لاشــە
لـە گۆڕسـتـانـی سینگتدا
جێیان دەبێتـەوە؟
لـە دۆڵـی کوێستـانـەکاندا
پـەنگبـخۆوە
مـەیـە ئێرە
شــۆڕمـەبـەوە
بـاچیتر بـە نـاوی خودا
تفبـارانت نـەکـەن
بـا چیتر بـە نووکـە خـەنجـەری غـەدر
سـەر دڵت زامدار نـەکـەن

باچیتر
دەموچاوی ئاوڕەنگت
بە گوواوی تایەفگەری
سواغ نەدەن
شۆڕمەبەوە
با لە باشوور
وەکو سەبایە ئێزیدییەکان
لاقەت نەکەن!

(محمد مهدي الجواهري)

(٢)

برژانگی گوڵەگەنمەکانت
بە چەخماخ دەسووتێنن
چاوە خورماییەکانی
بێستانەکانت
بە زیندوویی دەردەهێنن
حەرفە سەرتیژەکان و
وشە ئاگرینەکانت
دەکەنە ساچمەی
(عبوة ناسفة)
شاری پێدەهەژێنن

بــاران
بــاران
بــاران
مـەبــارە.

(انشـــودة المطـر).

(بدر شـــاكر السـياب)

(٣)

"لقيتها ليتني ما كنت القاها

تمشـــي وقد أثقل الأملاق ممشــاها"

کۆڵیکی پڕ پڕ لـە سـێگا و

حیجاز و نـەهاەوند

پشــتی "فـەریدەی" چەماندۆتـەوە

کوچە بـە کوچە ڕادەکا

دەڵێن: مـەقامان گویدەبڕن

دەڵێن: مەقامان سەردەبڕن

مەگەر لە مەرقەدەکەی

شێخ عەبدولقادری گەیلانی

بیانشارێتەوە

یان بیان کاتە دەفرێ ژەهر و

بە بێنێک بیانخواتەوە.

(معروف الرصافي)

(٤)

عمر: ×××××××××××××× (١٥)

اخوە علی: ××××××××××× (١١)

کاکە حکیم: ×××××××××× (١٠)

مهندس لنگە: ×××××××××××× (١٢)

دەفتەری شان بەخوێن

خۆی گەیاندە ترمسی

جەستە بێژینگ و

دووسێ پەردەغی پلاستیکی

هەڵگرتەوە

کە ویستی بیان خاتەوە نێو دەستی

منداڵە چاگێڕەکە

بینی ئەو

هەر دەستێکی پێوەماوە

دەفتەر شێت بوو

بەنێو عارەبانەی لەنگە فرۆشەکاندا

ئاشقانە بە سۆزی دەیچڕی:

"خدري الجاي خدري

عيوني المن اخدره بوية المن اخدرة

شمالج يابعد الروح دومج مجدرة

كالوا خدري الجاي

وشلون اخدرة وشلون اصفى الماي

وشلون افورة

خدري الجاي خدري عيوني المن اخدرة..."

*(فريده) ژنه مەقامبێژی ئیراقی (فريدة محمد علي).

*(له ٢١ی کانونی دووەم ٢٠٢١، له گۆڕەپانی طیران له بەغدا دوو تەقینەوەی خۆکوژی، عەلاوی، که منداڵه چاگێڕێک بوو لەوێ، لەگەڵ دەیان کەسی دیکەی کرده قوربانی، دەفتەری قەرزی چاییەکانی عەلاوی دۆزرایەوە. دووبرا عومەرو عەلیش لەوی بوونه قوربانی.)

١ / ٢/ ٢٠٢١ دوبلن

## (خـەو لە وڵاتی تاریکدا)

(١)
لـە چێشـتـەنگانێوە
سـەری خسـتـووەتـە
سـەر بارە پێچراوەکەی خۆی
ڕەنگ بـێ ئێسـتا
خـەون بـە مریشـکێک
بـە کۆڵوانـەیەک
بـە جووتـە پێڵاوێکی نوێوە ببینـێ
بـەتـەمایە بـەتاریکی
خۆی ئاودیوی کوێسـتانـێ کا
بێخـەبـەرە
پاسـدار ئـەمشــەو
کـەمینیان گواسـتۆتـەوە
عاسـێیە ڕێی هـەواری خاڵی.

(٢)
سێ ڕۆژە جنەیگرتووە
دەرگای لەسەرخۆی داخستووە
مۆبایل خامۆش
سویجی لیکزسی لە بن دەرگاوە فڕێداوە
جنەیگرتوە
خۆی خەواندووە
رانج ڕۆڤەرێکی
وەکو ئەوەی باوکی دەوێ
کوڕە مەنسوول.

(٣)
هەر شەوەی لە بن دارێکی حەوەشە دەخەوێ
دارهەنجیرێک
دارهەنارێک
کەپرەمێوێک
وادەزانێ باوەشی گەرمی
حەسەن و لوقمان و غەزاڵن
(٣٣) ساڵە
پلکە خەجێ
چاوەڕوانیانە بگەڕێنەوە
ناگەڕێنەوە و ناگەڕێنەوە.

(٤)
بەو درەنگەشـەوە
مانگەشـەو
بـە تریفە چاوی خۆی دەشـواتـەوە
خـەو لـە چاوانـی خۆی دەڕەوێنێتـەوە
دەزانـێ
بێری و سـوارە
ئـەمشـەو دێنـە ژووانـێ.

(٥)
لـەسـەر شـۆستـە
لـە تـەنیشـت پاکـەتـە کلینسـەکانـی
خـەوی لێکـەوتووە
کچۆڵـەیەکی شـەنگاڵی
تـەزبیحفرۆشـێک
تێپـەڕی
بـە هێمنـی پاکـەتێکی هـەڵگرت و
پێنـج هـەزارییـەکی
خستـە گیرفانـی قـەمسـەلـەکـەی.

**(٦)**

له پەنای ئەو دیوارە
سەری ناوەتە سەر شانی
کورپەی لە باوەشگرتووە
مەمکی دەداتێ
سەری بەلادادەچێ
خەو دەیباتەوە
ئەمشەو
لەسەر کەپکی کۆبانێ
لەگەڵ ئەریڤانی شەڕڤان
ئێشکیان گرتبوو.

٢٠٢١/١/٣٠

## (هەنیسکی ساوایەک)

پەنجەکانی
منداڵێکی ساو
دەفەی سینەم دەڕننەوە
دەنوزێنەوە
دەلاوێنەوە
دەفەی سینەم دەڕننەوە
چیبکەم ئێستا؟
بۆ جووتێک مەمکی پڕ شیرت
پێنەدام،
خودا؟

منداڵێکی ساوا
بە پەنجەکانی
دەفەی سینەم دەڕنێتەوە
دادە... دادە
وەک دڵم
دەنوزێتەوە.

٢٠٢١/١/٢٨

## (ماچەشیعر)

ڕەنگبێ
بەم نیوەشەوە
خۆر
سەرکەوێتە سەر کۆسار و
دونیا ڕووناک بکاتەوە.

ڕەنگبێ
مانگی چواردە
تارای تریفەی فڕێبدا و
خۆی بۆ ئاشقان
ڕووت کاتەوە.

ڕەنگبێ
پاییز خۆی لەبیرکا و
کراسە کوردییە بەهارییەکەی
دیسان لەبەر بکاتەوە.

ڕەنگبی
پۆلە پەپوولەی خەندە
لەسەر لێوە بەبارەکانی دایکم
جارێکی دی بنیشنەوە.

ڕەنگبێ
دڵەم
چۆلەوانی
بەجێبێڵی و
بەرەو سینە خامۆشەکەم
بفڕێتەوە.

ڕەنگبێ
بێ نشتەرگەریی حەکیمان
ڕۆشنایی
هەردوو چاوم
گەش کەنەوە.

ڕەنگبێ
مەرگ
بەر پەنجەرەکەم بەردا و
وەک مێرگی پاش ڕێژنەی باران
سەرلەنوێ من بژێمەوە
ئەگەر بێت و
تۆی گەنم ڕەنگ
جارێکی دی
سەرێ بە ژووری دڵەکەم
داگریتەوە و
بەو لێوانە
ماچەشیعرێک
شیعرەماچێک
لەسەر پەڕی لیواکانم
بچنیتەوە.

## (دەمژمێری تەمەن)

ئەمشــەو
بەســەر شــان و ملی تاریکیدا
تاڤگەی قەترانییە
تریفەی مانگەشــەو.

بەم پاییزە درەنگ وەختە
خۆی بە گەردنی لقی چنارەوە
هەڵواسیوە
پەلکەزێڕینەی ڕەنگ پەڕیوو.

غوربەتیم
پرچی درێژی شــەو
بەدوای خویدا ڕادەکێشــێ
شــەوی یەڵدا نییە، ئەمشــەو
غەمژووانی ئێمەیە وا درێژ بووەتەوە.

لەو بەرزاییەوە
خۆی بە دەریا داداوە
مانگ
هەرزەکارانە
دەیەوێ خۆی بکوژێ.

بڕوانە
شـنەی شـەماڵ و
چریکەی بولبول و
لایلایەی دایکیشم
وەکو لالە
لە باوەشـی فیراقتا
بۆم دەسووتێن

دەمێکە
دەمژمێری تەمەنم
وەستاوە
ئەویش زانیویەتی
مەحاڵە جارێکی تر
چاوانت لە چاوانمدا
چاوان بڕێژن

کوفرە جارێکی دی
چاوانم لە چاوانتدا
ئەشکی ماچاوی
بڕێژن.

هەموویان دەزانن
جارێکی تر
ناتبینمەوە
جارێکی تر
ناتخۆمەوە!
چاوم بە چاوت ناکەوێتەوە.

## (دوور دوور هەڵفڕی)

لە کۆ
ئەم سەحەرە
هەڵفڕین
دوووور دوووور هەڵفڕین
لە باغی شەهیدانی قوڕەبەڕازە
کۆترەکان
لەبەر چایی هەژاران
کولێرە
لە نێو دەستی منداڵان
بووکەڵە
لە سەر لێوی ئاشقان
ماچی یار
لە باوەشی دارستان
سمۆرە
لە ڕوخساری مانگە شەو
تریفە
لە نێومستی گەریلا
نارنجۆک

لە کۆرپەی نێو بێشکە
لایلایە
لە کونجی خامۆشی ژوورەکەی
هۆنراوە
هەڵفڕی
زوو زوو، بەیانی
دووووور دووووور هەڵفری
ڕۆحەسووکەکەی
نامیق تەلانی.

٢٠٢٠/١٢/١١

نامیق تەلانی، شاعیری ڕۆحسووکی میللیی کۆیە.

## (٧٠)

چەند حەفتا هەزار مرواری لەم چاوانە!

چەند حەفتا هەزار کانیلە لەم قاچانە!

چەند حەفتا هەزار پشکۆ لەم پێڵووانە!

چەند حەفتا هەزار ساتمە لەم ڕێیانە!

چەند حەفتا هەزار ماچ لەم سکڵانە!

چەند حەفتا هەزار ئاخ لەم زامانە!

چەند حەفتا هەزار زام لەم ساڵانە!

چەند هەزار حەفتا تیروتانە!

چەند هەزار حەفتا دڕکەزی!

چەند هەزار حەفتا غەریبی!

چەند هەزار حەفتا شیر و تیر!

چەند هەزار حەفتا بێزاری!

چەند هەزار حەفتا ستێرە!

چەند هەزار حەفتا بێدادی!

چەند هەزار حەفتا مەرگەژین!

چەند هەزار حەفتا دەستبڕین !

چەند هەزار حەفتا دارمان!

چەند هەزار حەفتا دابڕان!

چەند حەفتا ئازیز!

چەند حەفتا پاییز!

چەند حەفتا ئاسک!

چەند حەفتا باسک!

چەند حەفتا کاروان!

چەند حەفتا حەیران!

چەند حەفتا تەڵە!

چەند حەفتاناڵە!

چەند حەفتا خەرەند!

چەند حەفتا زەمەند!

چەند حەفتا گڵکۆ!

چەند حەفتا دڵکۆ!

چەند حەفتا هیجران!

چەند حەفتا گریان!

حەفتا

دەرگا!

حەفتا

ڕێگا!

یەک تاقە ڕێگا

یەک تاقە دەرگا

چاوەڕێمە ... چاوەڕێ ...

لەوسەری... حەفتا!

## (حـەوا)

دەیگوت
بـەهـەشـت بـاغچەی ڕازاوەی خـەیاڵـە
دۆزەخ
کوورەی وەسـتـایـەکی هـار و زاڵـە
کـاتێک ئـاسـمـان
خـەڵاتـی کردن بـە (حـەوا)،
(ئـادەم) بینـی
چەند دڵگیرە
دۆزەخـی پڕ گڕ و گڕکـان
چەند بـەسۆیـە
بـەهـەشـتـی پڕ حۆری و غیلـمـان.

**(٢٠٢٠/١٢/٣٠ باشـــوور)**

ئێوارەیە، لەگەڵ هەور و هاوسـەرەکەم
پیاسـەدەکەم
تریسکە تریسکی چرا ڕەنگاڵەکانی
شـەقامی (ستڤسن گریین)
کازیووەی بەرەبەیانی بەهەشـتن
لە جیاتی بەفر
بەسـەر بەژن و باڵای شـۆخە
بۆنخۆشـەکانی ئێرەدا
باریوون.
سۆزی ئاوازی هەزار نەغمەی
ئاهەنگی ئەمسـەری ساڵە
تریقەی پێکەنینی پەریزادەن
دڵی پیاو دادەخورپێنن
ئێوارەیە و ئەوەی جوانیی خالقە
بەسـەر ئەم شـەقامەدا
وەک مانگ
وەک خۆر
وەک ئاو
وەک ڕۆح
قوڵ لە قۆڵ پیاسـەدەکەن
منیش قۆڵم لە قۆڵی "ئاوات"ە و
ڕۆحم پەراهەندە

لـه نێو تریسکەی چراکاندا
هەر بروسکەی ئەو فیشــەکانە
دەبینم
کە نێوچەوانی
ئاپۆرەکان شــەق دەکەن
هەر هەوری ئەو چڕە دوکاڵانە
چاوم دەگرن
کە چاوی باڵەخانەکان ڕەنگ دەکەن
قرمژنی چەند دەستەڕێژێک و
چۆڕاوگەی خوێنی گەشــی"هەرێم"
شــەقامی سەید سادق دەنەخشــێنێ
زیڕەی دەنگێک، هاواری کرد
"هەرێم" شــەهید بوو
ئەو گەنجەی وەک دایک
لە باوەشــی گرت، کوڕە شــەهید بوو
ئەو لاوەی هەڵیگرت و
بۆ نەخۆشــخانە فڕی
برای دوو شــەهید بوو
پەرستیارەکەی سەر سەری "هەرێم"
مێردەکەی
لە لەیلان شــەهید کراوە
شــۆفێری ئیسعافەکەی
برازای چوار شــەهیدە

دایکی "هەرێم"
دایکی شەهید و برای شەهید و پوری شەهیدە.

ئێوارەیە و لەگەڵ هەور
لە شەقامێکی تریسکەدار پیاسەدەکەم
لەنکاورِا،
بە شریقەی
ئەو گاشەبەردە ڕادەچڵەکێم
عەقید "هەمزە"ی شارستێنی
لە "دووکان"ی چاوشێن
شەهید دەکا.

ئێوارەیە و
تەماشای کچەمۆسیقەژەنێکی
سەر شەقام دەکەم
دەنگی ئەو بێژەرم لە گوێدا دەزرینگێتەوە
لە تیڤیدا
هەواڵی شەهید "هەرێم" و
شەهید "هەمزە"م بۆ دەخوێنێتەوە.
بێژەریش ئامۆزای سێ شەهیدە
لە نەینەوا بەرسەر میندا کەوتن.

کە گۆشــەی ژوورێکی خامۆشـدا
نـەنـە غـەزاڵ
دەڕوانێتـە
وێنـەی شــەهیدەکانـی سـەر سکرین و خۆی ڕادەژێنـێ:

- وەی بـە قوربانت بم، "هەرێمۆکە"
چاوانت، هەر لـە چاوانـی کارزان دەچن،
وەی بـاڵاگێرت بم"هەمزە"گیان
دووبڕۆی ڕەشــت
هەر لـە بڕۆی قـەترانیی مـەولوودی دەچن،
وای، لـە دەردێ من، وای لـە غـەمێ من
شــەو نییـە
دوو وو، سـێ سـێ نـەێنـەوە
ماڵـە کاولبووەکەی من
کەژاڵ و لاس و حـەمـەد و شــەرمین و عـەزیزی کچ و کوڕم
کاروان و سـەنگـەر و سکاڵا و پـەرژین و فاتم و فـاروقـی ماموزام
ماموزام
عوبێد و موسکین و ئـایش و خونچـە و مـەحمـوودی برازام
وای لـە بـانگ و سـەڵای مـەلا عـەبدوڕەحمـانـی
لـە قسـەی خۆشــی سۆفی سـەلیمی
لـە شـوخـی و نوکتـەی مامـە پیرۆتـی
لـە لـەنجـە و دەعیـەیی خـاتوو شــانازێ
وای لـە کـاروانـی ئـەنفالکراوانم
وای لـە ئـەسرینـی پڕ لـە زووخـاوم.

هەرچی دێتە بەرچاوم
هەرچی دێتە بەرگوێم
هەرچی لە گۆڤار و ڕۆژنامەوە و تیڤییەکاندا
دەیخوێنمەوە
لەم باشوورەدا
هەر شەهیدە،
هەر شەهید
کانیاو... شەهید
لادێ ... شەهید
چنار ... شەهید
دەرگا ... شەهید
کتێب ... شەهید
قەڵەم ... شەهید
زمان ...شەهید
بولبول ... شەهید
شەفیق ... شەهید
هەڵۆ ... شەهید
ئاودێر ... شەهید
بارام... شەهید
جەعفەر... شەهید

حەیدەر ... شــەهید
مامە ...شــەهید
نەریمان ... سـەید
کاوێس... شــەهید
محەمەد ... شــەهید
ئایشــەگولوکە ... شــەهید
هەمینەخان... شــەهید
لەم باشــوورە
هەر چوار وەرزی ساڵ
وەکو بەفر
وەکو باران
وەکو تەزرە
هەر شــەهیدە و دادەبارێ
باشــوورم هەمووی شــەهیدە
ئەوەی نەمدی
لەم باشــوورە
کڵکۆی سـەرۆکێک بێ
لەسـەری نووسرابێ:
شــەهید!

ئێوارەیە و ئەوەی جوانیی خالقە
بەسەر ئەم شەقامەدا
وەک مانگ
وەک خۆر
وەک ئاو
وەک ڕۆح
قولْ لە قۆڵ پیاسەدەکەن
منیش
لەگەڵ قەتاری شەهیدان
پیاسەدەکەم و
وەکو سۆفی و
وێڵ و سەرخۆش
چاوەڕوانی هاتنی
شەهیدانی
سبەینێ دەکەم!

## (چڕەدوکەڵ)

ئیمڕۆ گوڵچڕۆی
ناوە تازەکانی دوای ڕاپەڕێن
لافیتە ڕەشـەکانی
سەر دیواری مزگەفتەکانی
نەخشـاند

عێدز عێدز
دەیانڕوانییە
ئەو تفەنگانەی
کە بە قووتی وا کڕابوون و
دوکەڵی باڕووتاوی
چاوی گرتووبوون.

دەرگای شـانخزیووی
کۆنە سەرایەک
لەنێو چڕەدوکەڵی
باڵای خۆیدا
پڕ بە دەنگی نووسـاوی
هاوار
بۆ ئاڵایەک دەبدات
کە باڵای شـەهیدی
لە ئامێزدەگرت

نە هاوار
دەگاتە ئاڵا و
نە ئاڵا
خۆی پێدەکوژێتەوە.

هەرچی دارگوێز بوو
ڕنییان
گەڵاکانیان
کردە لیرەی سەر کەمەری سۆزانییەکان
لق و چڵیان
بۆ خۆخ و سێو و هەرمێی
سەر مێزی ئاغاکانیان
کردە سەوە و پێتەرازاوو
قەد و باڵای
سەد ساڵەیان
کردە تەختی
خوایەکی سەرکز
چاوکز.

گوڵچڕۆی سەر لافیتەکان
ڕەگی ئەو دارگوێزانە
توند توند لە باوەش دەگرن و
هاواڕ دەکەن:

ڕەگە.. ڕەگ...
ناهێڵێن
بۆ ئاگری ئاگردانی شەوانی سوور
هەڵێان کێشن
بۆ سەرمێزی
سەما و بادە و قومارکردن
ڕایان کێشن.

دەرگای شانخزیووی سووتاویش
لەو چاوە تریاکخۆرانە
مۆڕدەبێتەوە
کە بەئەنقەست
ئەتکی دەکەن
کە بە ناهەق
ئاگری مەرگی
تێبەردەدەن

## (بەهەشتی دۆزەخ)

دەبێ
چریکەی بولبول و
خوڕە خوڕی ڕووباری هەنگوین و
نەغمەی دڵکێشی کەنارییەکانی
چەند مەلەل و حەزین بن؟

دەبێ
خەندەی پەلکەزێڕینە و
غەمزەی حورییە چاو ڕەشەکان و
چاوبڕکێی مانگەشەوەکانی
چەند پەشێو وغەمگین بن؟

دەبێ
بریسکەی گەردانەی مرواری و
زرینگەی کاسەی ئاڵتۆن و
خشەی کراسی سندوس و ئاوریشمین و
چۆڕە چۆڕی شەرابی تەهور و
فەواڕەی کانیاوە کافورەکانی
چەند خەماوی و ژەهراوی بن؟

وەی بابە ڕۆ!
دەبێ
چ زیندانێکی تاریک و
چ سارایەکی  قاقڕ و
چ دۆزەخێکی ئاگرپڕژێن بێ
بەهەشــتی بەرین
بە بێ تۆ!؟

٣ / ١٢/ ٢٠٢١

**(جەلال مەلەکشـــا)**

بـەقـەد مووی سـەر و ڕیشــت
ژێرزەمینـە دۆلاریـان هـەبێ
دەبێ
ئیرەیی
بـە تۆزی پێڵاوەکـەت بـەرن...
مەلـەکشــا
بنوو بێخـەم
ئـەوان گـەدا و
ئـەتۆ سـەردار و
سـەرقـەتار و
سـەرهـەنگ و شـــا.

١ /١١/ ٢٠٢٠

## (نیشــتەرگەریی چاو)

لەوەتەی مەقەســت و چەقۆکان
لە تۆیان دابڕاندووم
خەیاڵی
"پەت و گەردن"
چەندان جار پەڵپی پێگرتووم
وای ی ی ی ی ی ی
ئەم گەردوونە
کە دژوارە
دووووووووووووور
لە روخساری ئەم یارە!

٢٠٢٠/١٠/١٠

## ( ویصاڵی وەرزەکان)

چەندە بەختەمباری
لە بن دارژووانان دانیشتووە
بە قامکی ڕەقهەڵاتووی
تەزبیحی گەڵا زەردی خۆی
ورد ورد دەهۆنێتەوە.

تو عەشقی خودای
بەوی ڕۆژی جومعەیە
شەموی بەسەر دادێ
تا سەحەر چاوانی لێکدەنێ
بخوێنە دوعایان
بەلکو بەیەک شاد ببنەوە،
ئاخر ئەتۆی پاییز
وەرزەکەت گەڵی مەسکین و بەربادە
بەبێ شیعری پاییزڕەنگی
قوبادی جەلیزادە.

## (لەزەمەنی کۆڕۆنادا)

چەندە حەز لە پیاسەیەکی
بازاڕەکەی لەنگەی هەولێر دەکەم
چەندە تامەزرۆی پەرداخە شەربەتێکی
لای مزگەوتی گەورەی ڕانیەم
چەندە غەریبی کتێبە چاوبەخەوەکانی
سەر شۆستەی مەولەوی، لە سلێمانی دەکەم
چەندە مەگیرانی بە پیاڵە چایەکی
چایخانەی کەوبازانی دهۆکێ دەکەم
چەندە خەیاڵی وردە شەپۆڵی ساردی
سوولەکەی حاجی باسێی چنارۆکێ دەکەم
دە هێندە
سەت هێندە
هەزار هێندە
موشتاقی باوەشە گەرمەکەتم:
کۆ، شارەکەم
تۆ، یارەکەم.

١٧ / ٧/ ٢٠٢٠

## (کوچکەبەورد)

هەزار و یەک جزی
دووپشکەڕەشـەی ئاخ
دەمکێڵن،
لە پێچی کفنەکەم
هەزارەکە دەبەمە ژێر گڵ

ئەو داخەی دەمکوژێ
خەمی فیراقی چاوانی تۆیە
کە بووەتە کوچکەبەرد
لەسەر دڵ.

## (تارمایی ترسێک)

بەقەد پاکیی خۆشەویستی
بەقەد مەزنیی خۆشەویستی
بەقەد مێژووی خۆشەویستی
خۆشم دەوێی
لەگەڵ ئەوەش
قەت نامەوێ بۆ جارێکیش
ماچت بکەم
نەکۆ لێو و
گەردن و زلف و ئەگریجەت
نەکۆ سوخمە و
سینگ و مەمەک و
دەست وپەنجەت
رەنگی ئەڤینیی من بگرن
وەک کچەکەی (پاڕکی دایک)
ژنکوژەکان
بێن بە گوللەیەک بتکوژن!

## (دڵ و چاو ئاوێزان)

وەرە
سەرت بنێ بە دڵمەوە
وا گەلە گورگی غەریبی
خەریکن پەراسووی سۆزم
هەڵدەدڕن
سینەم دەکەنە قەفەزی
دڵ خامۆشان.

وەرە
چاوت بنێ بە چاومەوە
شەمشەمەکویرەی دابڕان
خەریکن چاوی تژ لە تۆم
هەڵدەکۆڵن
سەرم دەکەن بە ئەشکەوتی
کۆچکەوتووان.

وەرە
سەرم بنێم بە دڵتەوە
بڵقە بڵقی کانیاوێکی تریفەدار
لە سینەتدا بانگم دەکا
بەڵکو لە درزی زامێکم
بتەقێتەوە و مەستمکا.

وەرە
چاوم بنێم بە چاوتەوە
بەلکو کاروانکوژەم لێهەڵبێت و
بمباتەوە جێ ژووانەکەی جارانم و
تێر ماچمکا و
دیسان زیندووم بکاتەوە.

## (جوانیی خودا)

که ڕۆیشـتیت،
وەک پچڕانـی تـەلـی کارەبا
لـە تـەقـەی شــەواندا،
چرای شــارێک کوژایـەوە
تـەنانـەت چاوەکانیشـم.

که ڕۆیشـتیت،
زرِیانـەکـەی چۆمان هـەڵیکرد،
هـەرچی گـەڵای پاییزیی ڕۆح بوو
هـەڵیوەراند
تـەنانـەت شـیعرەکانیشـم.

که ڕۆیشـتیت،
وەک چۆن خوێندکار کتێبی دادەخات،
ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاوا بـەریـەک کـەوتن و
مـەودای نێوانیان بوو بـە سفر
تـەنانـەت ساڵـەکانیشـم.

کێوە چوویت؟
قەترە ئاو بوویت زەوی قوتت بدا!
ئەرێ دەریا نقوم دەبێ؟
گەردیلە بوویت با هەڵت گرێ!
چلۆن گەردوون بزر دەبێ؟
ساوا بوویت و دایک
سەرلانکی بەسەردادیت و
جوانیت لەبەر چاوان نەما!
کوا جوانیی خودا ون دەبێ؟

کێ دەڵێ تۆ ڕۆیشتبیت و
ئەوا من نیم
وەکو نەقیمی ئەنگوستیلەکەی پەنجەت
لە جوانیتا نقووم نەبوویم و
پێشنازانم؟

ئاخر گوڵێ...
چۆن جوانیی
خودا ون دەبێ!
کوا جوانیی
خودا ون دەبێ!
دە دیقەتێک لە نەقیمی ئەنگوستیلە
چاومەستەکەی پەنجەت بدە!

**(١٤ ی ٤ ی ٢٠١٩)**

ئەول سەحەرا ...
ئەنفالچییەکی مێزەر بەسەر
لەسەر منارەی جەستەی عەیشەگرووکە
بانگدەدات و
فەوجێک بەرپرسی باوەڕدار
لە حەوزی خوێنی گوڵاڵەسوورەکان
دەستنوێژی
غەزای ئەنفال
هەڵدەگرن!

***

چێشتەنگاوە ...
کەنالێکی تیڤی
ڕاستەوخۆ
ڕێوڕەسمی هەڵواسینی
تابلۆی (قوربانی ئەنفال)ی (عەزیز سەلیم)
دەگوێزێتەوە
لە دیوەخانی
ئەنفالچییەکی پایەبەدەم!

زەردەپەڕە ...
لە گۆشـەیەکی (گۆڕستانی چراکان) دا
ئەنفالچییەکی سەرخۆش
دەست بە پیاڵە
مێزی ڕازاندۆتەوە و
سەدای (پێشمەرگەین بە هەڵمەتین)
دێ پەردەی بڵندگۆی
(DJ)یەکە هەڵزڕێنێ!

***

مانگەشەوە ...
لە هوتێلی(ڕۆلێکس)
هەڵپەڕکێ و سەما و گۆبەندە
کوڕە ئەنفالچییەکی سمێڵ قەترانی
ئاهەنگی زەماوەند دەگێڕێ
لەگەڵ
کیژۆڵە پەپوولەیەکی داک و باوک ئەنفالکراو!

وەک سەگ، لە بەیانییەوە، لە نزیک بازگەی تۆپزاوای کۆیە، منیش لمووزم بەسەر ئەو پارەچە زەوییە دا دەگێڕا، بەڵکو بۆنی خوێنی ئەو چوار مەلائیکەتە بدۆزمەوە کە (بارق) لە کۆپتەر فڕێیدانە خوارەوە. نیازمە لەوێ پەیکەرێکیان بۆ دروستبکەم. لێ کڵاو سووری، پیلی گرتم و تێیخوڕیم:

**"**لاچۆ،

ئێرەش هەر زوونی نەوتی شیواشۆکە،

لاچۆ، بڕۆ،

بڕۆ لێرە ڕامەوەستە**!"**

## (بۆ خـەم بە)

گـوڵـە مـاچ !
گـەر جـەلاد
بپرسـێت:
پێش ئـەوەی
پـەتـەکـە
بکـەینـە گـەردنت،
پیرەمێرد
چیت دەوێت؟
پێی دەڵێـم:
هـەر یـەک مـاچ
لـە شـــەهدی
دوو لێوی
یـەکـەم مـاچ...
هـەر یـەک مـاچ.

## (كۆچی مانگ)

ئێستا تۆ لە کوێی؟
شەنگەبی دەڵێ
نازم لێساند
نابینی ئێستا
لەگەڵ شەماڵ چۆن دەڕەقسێم؟

دیجلە دەڵێ:
کە هاتەلام
من هەر مرچەی ماچەکانم
لێ دزی
نابیستی ئێستا
خوڕەخوڕم چەندە خۆشە؟

ئێستا تۆ لە کوێی؟
نێرگزەجاڕ دەڵێ:
کە لەلام دانیشت و
دەستی بەقژم داهێنا

عەتری گلامۆر لەو ناوەدا
نم نم باری
ئێستاش پرچم
هەر مسک و عەنبەری لێدەبارێ؟

لەو بنارە قاسپەی کەوێک دێ:
کە بێرەدا تێپەڕی
هەرچی پەپوولە بوو بەدوای کەوتن
هەرچی کانیاو بوو بۆی گریان
نابینی چ قاقرێکە
ئەو ڕەوەزە؟

ئێستا تۆ لە کوێی؟
ئەستێرە نێت بڕژێیت
مانگ چۆن دەڕژێ؟
پەلکەزێڕینە نێت
بۆ مناڵان چاوێک هەڵێنیت و
ڕاکەی
ئاسمان کوا چاوی دادەخا؟

ئێستا تۆ لە کوێی؟
بە قەد شێڵەی لێوت تینووتم
بە قەد خۆت شەیداتم
بە قەد خوا هۆگرتم
ئێستا تۆ لە کوێی؟

ئەدی بۆ دەڵێن
جیهان بووەتە گوندێکی چووکە
زەمینم پەڕە کرد
ئاسمانم شەقارکرد

ئێستا تۆ لە کوێی؟
ئەی ئەو کەسەی
لە چاوم دایت و ناتوانم بتبینم
لە ڕۆحمدایت وناتوانم بتگرم
لە بوونم دایت و ناتوانم بتدۆزمەوە
ئێستا تۆ لە کوێی؟
تۆ لە کوێی؟

٢٠١٩

## (کۆڵبەران خەندەی ساوایانیان لە کۆڵە)

تاران کوێرە
ڕێچکەی ئەو مێروولانە
نابینێ
بە باری ئێسترێکەوە
پشتی قافیان کۆمکردۆتەوە و
لەجیاتی کولێرەنان
بۆ منداڵە برسییەکان
جەستەی تەزیووی ڕەقهەڵاتووی خۆیان
کردووەتە کۆڵ.

تاڕان کەڕە
پڕمەپڕمی ئەو هەورانە
نابیستێ
گۆزەی شەرابیان لەبن باڵناوە و
بروسکەی چاخماخەی سمەکانیان
تولەڕیی شەوەزەنگی شاخ
دەبریسکێنێتەوە.

تاران بەرازە
بە باج و
بە نان و
بە ئارەقە و
بە خوێنی برینی
داچۆڕاوی سەر پشتی
کۆڵبەران
کوورەی ئەتۆمی
دادەگیرسێنێ.

تاران پەتایە
چاوی پیتی کتێبی منداڵان
کوێردەکا
زمانی ناسکی کیژۆڵان
لاڵ دەکا
لە خەونی گەنجەکان دەبێتە شێرپەنجە
بۆ بەژنی لایلایەی دایکان تیراویە
بۆ خۆری ئازادی خرووکە و سورێژیە

لە سینەی حەسرەتی کۆڵبەران
دەمێکە بووەتە
ژەهر و زێروو و ژان.

تاران دۆزەخە
کۆڵبەران
دەبرژێنێ
کۆڵبەران
دەسووتێنێ
کۆڵبەران هەڵدەقرچێنێ
ئەو کۆڵبەرانەی
کۆڵی پشتیان پڕپڕە لە
خەندەی ساوایان
کەشکی کوێستانان
خەنەی پێدەشتتان
چینچکەنانی باخەڵی
پێشمەرگان.

# (ژیانەوە)

هەردەڵێی شۆڕشی کوردە
ئەو دڵەی من
کە لە ناخیدا
عێشقێک هەرەس دێن و
دەکوژێتەوە
عێشقێکی دی
شێتانەتر
سەرهەڵدەدا و
دەژییێتەوە.

.

١٩ / ٣ / ٢٠١٩

## (بەخشـــینەوە)

دێ
پشـیم بگرێ و
بمخنکێنـێ
تا زارکی دڵم هاتووە
خۆشـەویسـتیت،
وەرە، جوانـێ
وەک باغچەی بەڕەڵا
پێوەربە و باوەشـت پڕکە
لە ئەڤین و
گوڵە ماچ و
گڵۆکەهەنار و هەرمێ
دڵم وادێ
خۆشـەویستی
لەسـەر بڕژێ.

## (ئاشـتبوونـەوە)

گـەر دەمزانـی
کڵۆبـەفری خۆشــەویستیت
پشـکۆی سـپین
گـەر دەمزانـی
لێوەکانـی بـە هـەنگوینت
ژەهری پـەتین
چۆن دەهاتمـە
بـەر ئـەو بـەفرە
لێوم دەبرد
بۆ ئـەو ژەهرە
خودا ... کـەی دێ
فریادرەسـێ
بۆ ڕابردووم بباتـەوە
من و بـەفر
لێو و هـەنگوین
لـەگـەڵ یـەکدی ئاشـت کاتـەوە
خودا ... کـەی دێ
فریادڕەسـێ.

## (ئیفـادە)

جـەلادەکـانـی بـەعس

سـەربـەرەوژێر هـەڵمواسـن

دارکاریمکـەن.

داعشــەکان

تیغـی دووسـەر

بنێنـە سـەر گـەردن و

سـەرم ببڕن.

پیاوانـی میت

داغم کـەن و لـەمێخڕا زمانم

هـەڵکێشـن

ئاخوندەکان

بە سێدارەکانی مەهابادم

شۆڕکەنەوە

هەرچی بکەن

هەچیم لێکەن و

بپرسن:

بۆ ئەو ژنت وا خۆش دەویٚ؟

ئیفادەکەم قەد ناگۆڕم

هەر دەڵێم ودەیڵێمەوە:

چەند جارم گۆ:

نازانم

نازانم!

خۆشم ... نازانم بۆ؟

## (ژنە مووشـــەک شـــکێنەکانی قەڵا)

لـەسـەر زینـی ئـەسـپـەشـێـیـەکەی سـێدارە
تیژڕەوتر لـە ڕەشـەبای تـوڕە
جـەڵـەوی شـل کرد و نـەوەسـتا
تا قۆپکەی قەندیلـی ماچ نـەکرد
پێشـــەوا
لـەوێڕا دەنگی برووسکیدا و
نـەڕاندی:
ها، بگرە
ئـەوە تفـەنگـەکـەی
سوهـەیلـەی قادری
بتبینم
چلۆن بـە دۆزەخـی
چـەخماخـە و
تریشـقـەی
تۆڵـەسێن
جـەنگـەڵی سێدارە گڕدەدەی
بـەیداخـی ئازادی هـەڵدەدەی.

گزنگ بوو
باران بوو
شـــەپۆڵ بوو
هاتەخوار
لـەتەوێڵـی سـەکۆی کۆتـەڵـەکەی نێوشــار
دەسـتـی سـرووەی گرت و
هاتـە ژوورسـەری گڵکۆی دڵدار
هێمن موکوریانـی
نـەغمەخوان چرپاندی؛
ها، بگرە
ئـەوە، قـەڵـەمـەکـەی
سوهـەیلـەی قادری
(ئـەی ڕەقیب) ێکـی دی
بنووسـە
"کۆماری سێدارە"
بـە سـەدای ڕاپـەڕین
ڕسواکا
شـــەهیدان
بـە یارە باڵا بـەرزەکانـی
چوارچرا
دڵشادکە.

باواجی
پرسیبوو لە کۆسار:
بڕوانە چەند بەرز و بڵند و سەرکەشە
کەپکی سەری شاهۆ
هەر دەڵێی
هەڵگورد و
کۆڕەک و
بەژنی ئاڕاڕاتیان
خستۆتە سەر لوتکەی،
خۆ شاهۆ وانەبوو؟

ـ چۆن؟ ئەدی،
وەک سیوەیل و پیرۆ
لە ١٧ی خەرمانان
ڕۆحی بەرزەفڕی نەسرین نەبوو
بووبە خەرمانەی سووری
دەووری سەری
لوتکەی گەردن بڵندی
شاهۆ؟

## (ئێوارە ڤالەنتاین)

زریووە زریووی ئەستێرەکانی
جوانیی
بە گوڵاڵە سووری تیشکەکانیان
ڤالەنتاینبارانم دەکەن
من هەر چاوم لە
گوڵەتریفەی
مانگەکەمە!

جریووە جریووی مەلە شەیدایەکانی
باغی ئەڤین
ئاهەنگی ڤالەنتاینم بۆ دەگێڕن و
من هەر
دڵم لەلای
بولبولەکەی دڵمە!

خوڕە خوڕی ڕووبارەکانی عێشقی
خوداوەندی
شەڕابی ڤالەنتاینم
بۆ تێدەکەن و
من هەر لێوم
بۆ کانیاوی هەنگوێناوی لێوەکانی تۆ
ڕاگرتووە!

ستێرە و مەل و ڕووباری دڵسۆز
ڤالەنتاینتان
هەموو ساڵ
پیرۆز
مانگ و بولبول و لێوی هەڵاڵان
چەند بەژانە، چەند بە سۆیە
ژووان
بەبێ ماچی یاران.

٢٠١٩ / ٢ / ١٤

**(شـەهید یاخییە)**

من... پێم بەخشـیت خوێنی گەش و ئاڵ
ئەوان شـووشـەی وێسـکی و
قووتووی بیرەی بە تاڵ

بۆوان چاوی مانگ و
مەمکی چیا و
سمتی پڕی هەوار
بۆوان هێلانەی باغ و
چلچرای کۆشـک و
ڤێلای چوارباغی ئەلمانی
کەچی
کەڵاوە هۆدەیەکت
بە دایکە حافزەکەی من
ڕەوانەبینی

بـڕۆ.... لاچۆ....بـڕۆ....
نە تۆ نیشـتمانی منی و
نە من شـەهیدی تـۆ!

## (ساڵی نوێت پیرۆز)

سەری ساڵی من و تۆ
لە ساڵنامەی
شەمسی و
قەمەری
فیرعەونی و
عیبری
بێزەنتی و
فارسی
میلادی و
کوردی دانییە
ڕۆژی یەکەمین ماچت
پیرۆز
لە ڕۆژژمێریی
عێشقمان
دەمێکە
ئەو ماچە
بووەتە ڕۆژی
سەر ساڵی
عاشقان.

١ی / ماچان / ٤٧

## (چاوەلەدەست)

فرمێسکی چاوانت
بەسەر ڕووی بێڕەنگم
دێنە خوار
وەک پشکۆن
وەک بەفرن.

مەراقی سەردڵت
لە سینەی سووتاوم
بوونەتە کووچکەبەرد
چەند ڕەقن.

هەناسەی پڕ لە سۆت
لە ئەوکی گیراوم
بوونەتە تەم ومژ
دوکەڵن.

نە ڕۆژگار
نە بەعس
نە پیری
کەمەیی پشتی منیان
پێنەچەمایەوە،
ئافەرین
بۆ باری خەمانت
چۆن وا سووک
چۆن وا زوو
کردمی بە گۆپاڵ.
گۆپاڵێ
وا ورد ورد ڕیدەکا
بەرەو (دەریای عەدەم)
هەر چاوی لە دەستی
ژنێکە
یەکجار بێ
بە چرپە و مرچەیەک
داگرێ  لەسەر پشت
کۆڵی پڕ جەو رو خەم!

## (خاشــاک)

لـه غیبـەوە سـەدایەک هات:
"جەنازەکەی
فڕێدەنە نێو تەنەکەی زبڵ و خاشـاک."
داک تورە بوو
باب تورە بوو
شـــار تورە بوو
بوو بە هەرا
شـێخ و مەلا:
" اسـتغفراللـه !
اسـتغفراللـه !
اسـتغفراللـه !"
لـه ژێر پێیان هاوارێک هات:
"عەیامێکی دوورو درێژە
ئێوە منتان
کردووەتە تەنەکەی پیسـی
زبڵ وخاشــاک
ئـەز خاکم ... خاک."

## (هاوخەمی)

دڵت کە بەرایی نادا
تۆش وەکو من سپیی پۆشی بی
کفنم کەن بە کفنێکی ڕەش
لێرە و لەوێ هەر هاوخەمتم
چۆن دڵم دێ
تۆ ڕەشپۆشی بی و
من سپیپۆش!

(بە دەستکارییەووە)

## (پرســیار)

کە تۆ

لـە دەریای گێژەنـی ئـەشـقا

بـەدوای قلـە مـەرجانێکی وەفا

بناوێکت لێنـەدابێ

لـە شــەوی دەیجوری هیجران

بـە خـەیاڵـی  ماچی مانگێک

سـەری شـووشــە شــەڕابێکت

بانـەدابێ

ئـەتۆ لـە کوێ دەزانـی کـە

چەندە قوولـە برینـی من

چەندە تـەڕە

سـەرینـی من؟

## (جەرگسۆز)

سیروانێک خوێنمان
کردە پێکی
دەستی ڕەزاشا،
چاوحیزانە
دەرگای کۆشکی لەسەرمان
کڵۆمدا.

هەرێمە گۆڕستانێکمان
کردە خەڵات
بۆ چاوی ڕەشی شەهرەزادی
دارولسەلام،
دەستڕەشانە
بە ژەهری بۆن سێوی
هەڵەبجە
عەرعەریان
بۆ کردین بە باغ.

نێرگزجاڕێک مێژوومان
بۆ کردن بە شـوورەی
مەسجدولئەقصا،
نامەردانە
بە مەقەستی
دەستی ئەسەد
شـاپەڕی نازداری
ئاپۆیان
هەڵپاچی.

پێمەڕە لە هەر بستێکی دەدەی
ئیسکو وپروسکی منە
وردوخاش بوون،
لە جەنگی ئیستیقلالی
ئەستەمبۆڵدا
بێڕەحمانە
پیرۆزانەم
بۆمباکانی
صبیحە کۆکشن بوو
بۆ ژنانی شـاری دەرسیمم.

شــەش" (٢٧) ســاڵە
من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم"
کەچی هێشـتاکە
لە دیدی تۆدا
بێگانە و نامۆم.

هەر تۆ نەبی
بەژنی هەڵچووی
پڕ لە نوور و شــەوقی خودا
هەر تۆ نەبی
دەستی میهری
موسای مەزنی
سۆز و وەفا

هەرتۆ نەبی
ئەی قیبلەگای ئەشقی پیرۆز
جەرگسۆزترین جەرگسۆز
هەمیشە
لە ڕۆژە سەختەکاندا
توند توند لە باوەشمان دەگری
ئەی ڕۆحە سەوزەکەم:
چیـــــا.

صبیحە کوکشــن(١٩١٣ ـ ٢٠٠١) یەکەمین ژن بوو ببێتە فڕۆکەوان لە جیهان، لە یەکەمین فڕێنیدا شــاری دەرسیمی بۆمباران کرد، ئەو کچێک بوو ئەتاتورک هەڵی گرتبووەوە.

## (قەڵەم)

گوولە قەڵەمێک:
من
لەسەر مێزی ئەبنوسی
سەرۆک نەبێ دانانیشم،
بە ددانان پەل پەلم کرد.

پیسکە قەڵەمێک:
من
لەنێو دەفتەری ئاغام نەبێ
ناخەوم
کلیلی قاسەی هەموو
باج و سەرانە و
سوو و سەنەمەکانی
لە ملی من کردووە،
بە نینۆکان لەت لەتم کرد

کوولە قەڵەمێک:
ئەو سانسۆرە
منی هێندە خۆش دەوێ
بە نووکی من نەبێ بە هی کەس کەس
چاوی
لۆرکا و
بەیاتی و
جەواهێرێ و
گۆران و
هەڵمەت
هەڵناکۆڵێ،
بە پاژنەی قۆندەرەکەم ورد وردم کرد.

پیرە قەڵەمێکی ڕەصاص
بە قەد قونچکێکی لێهاتبووەوە
دەیگوت:
من
تا "گۆڕستانی چراکان"م تەواو نەکرد
قوومە ئاوێکم نەخواردەوە،

**ئێستا ئەمن**
**ئەم قونچکە قەڵەمم**
**کردووەتە بەردە مۆری خۆم**
**ڕۆژانە**
**حەوت جاران**
**کڕنووشــی بۆدەبەم و**
**نێوچەوانی ماچ دەکەم.**

ئەبنوسی: تەختەیەکی جوانی گرانبەهایە.
"گۆڕستانی چراکان" شــاکارێکی شــێرکۆ بێکەســە، ئەو هەر بە قەڵەمی ڕەصــاص شــیعری دەنووســی.-

## (سەبەتە ئاخێک)

کارمامزێک
لەبەژن و باڵای دارگوێزێکی دەڕوانی
پەلێکی کرابوو بە
قۆنداغی تابڕێک
چاونی کارمامز
پڕپڕ بوون لە
"ئـــاخ"

مێخەکبەندێک
بە گەردنی کچە کۆییەک
شـۆڕببوەوە
مەست مەست ببوو
بەو مەمکانەی
بۆنوبەرامەیان
پوونگابووەوە بە
"ئـــاخ"

فلّچەیەک لە دەستی
ئاغەلە بەربووەوە
لە باغچە
(گولّێ) هاواری کرد:
ڕۆستەم ئەو کێ بوو گوتی:
"ئـاخ؟"

گۆلّێک چوار ساڵ
لە دەستە خوشکەکانی
بۆن و
بلوز و
فانیلە و
پێڵاوی
دەخواستەوە
بۆ خاترێ بولبولێک،
کە لە ئاهەنگی دەرچووندا
بولبول فڕێ
گولّەکە وێنەی تەخەروجی
لە نیو چوارچیوەی
"ئـاخێکی" ڕەش رەشدا
هەلّواسی.

شـەهیدێک
شـەو بە دزییەوە
هاتە ژوورسـەری
دایکە نەخۆشـەکەی
کە بینی پاکەتە حەبەکانی
هەموو بەتاڵن
قەترە فرمێسکێک
لە چاوانی بەربووە و
لە سەر کۆڵمی دایکی نووسی:
"ئـاخ"

ئەمین باڵدار:
پیتی نوێی ئێمرۆمان
(خێ) یە وەکو:
"ئـاخ".

بەدەووریدا
ئەلقەیان بەست
بەنەرمی
لە ڕوومەتیان دەدا
بەنەرمی
دەستان دەکوشی

بەنەرمی
پێڵویان هەڵدەدایەوە
دەیان گوت:
"قسەبکە ، چیتە؟"
شاعیرەکە
هەناسەیەکی قول قولی هەڵکێشا و
پێش ئەوی دەم پێکدابدا گوتی؛
"ئاخ"

ژنەدکتۆرەکەی دەستی
لەسەر دڵی ئەو دانابوو
ئەویش غەریبانە گوتی
."ئاخ".

وەفاتنامە:
"مرد بە ئاخێکەوە."
ژنە دکتۆرەکە، سڕیەوە... نووسی:
"مرد بە ئاخی ژنێکەوە!"

تێبینی: بەمەبەست، ناونیشانی شیعرەکەم خستووەتە کۆتایی دەقەکە.

باهەر لەسەر
دارتەلەکەی بەرماڵتان
بجریوێنم
لە هەرێمێکم
شووشەی پەنجەرەی(Page) ەکەت
بدەمە بەر دنووکان و
بە ئاشکرا
لە کانیاوی حوسنتا
بێم و قومە ئەشقێک
بخۆمەوە،
بنیشمەوە لەسەر چڵی گوڵی پەنجەکانت و
بەئاشکرا
بەجریووە
(Comment) ێکی پڕ چەهچەهەت
لە دڵڕا بۆت بنووسمەوە،

یان شـاپەڕم
لـە مەمکانت بخشـێنم و بەئاشـکرا
دنووکێک لـە (دڵـە سوور) ەکەی **(Like)** بدەم و
بۆت بنێرم،
هەر ئەو ساتە
دەستڕاستەکان
بە یەک دارلاستیک
دەمکوژن،
با هەر لە سەر
دارتەلەکەی بەرماڵتان
بجریوێنم
لە هەرێمێکم من
جریووەش
وەکو ژن
دەکوژن!

**(بۆ ژنێکی بە گلەیی)**

**(نەفرەت)**

سـەوەی دەست و دیاریت
بۆ ئێمە
هەر مەرگە.

ڕەنگی تابلۆت
لەسەر کانڤەزی جەستەمان
هەر خوێنە.

سفرە و خوانت
بۆ دایکە مەلوولەکانمان
هەر خەمە.

تاکە وشـەی سـەرزارت
بۆ منداڵانمان
هەردەم
تۆڵەیە.

گەر بۆت نەکرا بمان کەیتە
خۆراکی دوپشـک و مار
بێشـک خەڵاتمان دەکەی بە
دەست و قاچی پلاستیک و
چوارپای بەڕەوڕەوە و
کورسـی چەرخەدار

تف لەچارەت ئیسکگرانی
خۆفرۆش:
کلاشـینکۆف.

کانڤەز: ئەو قوماشـــەی وێنەی لەســەر نیگار دەکرێ.

## (مەیگرێنن)

ناشــوکرم
بۆ نـەتکردمـە چینـچکـە نـانێک
دوو کێشـکـەی برسـی تێربکـەم.

ناشــوکرم
بۆنـەتکردمـە گۆپاڵێک
دەسـتـی نـابینـایـەک بگرم.

ناشــوکرم
نـەتکردمـە دەسکـە دەسـتـاڕی
ئـەو دوو کیژۆڵـەی
سـاوارلێدەکـەن و
بـەسـتـە و لاوکان دەبێژن.

ناشــوکرم
نـەتکردمـە  گوڵـی نێو دەسـتـی ئـەو لاوکـەی
دەیکاتـە دیاری دولبـەری و
ئـەویش تێرتێر بۆنیدەکا و
لـە نیو قـەدی کتێبـەکـەی هـەڵـی دەگرێ و
دەیکاتـە نـەخشــی سـەرسـەرین و
شــەوان
تێر تێر ماچی دەکا.

ناشــوکرم
نـەتکردمـە بـەرماڵێک
ڕۆژ و شــەو
نێوچـەوانـی
ئـەو سۆفییـە ماچ بکـەم
کـە لـە دڵڕا خودای خۆش دەوێ.

ناشـوکرم
بۆ نەتکردمە کێلەسەری
شـەهیدێک
هەموو دووشـەممە و
پێنجشـەممان
دایکی بێ و لە باوەشـم بگری
باوەشـی خودا
بۆ پێغەمبەرەکانی.

خودایە
زۆر ناشـوکرم
بوونم نەبوونە
بولبولی قەفەزێکم
پێئازاد نەکری
پیرێژنێکم
پێ لەکۆڵ نەکری.

خودایە
زۆر ناشـوکرم
بوونم نـەبوونە
(شـلاوەرێکم)
پێژیر نـەکرێتـەوە
گوڵدانـی
دڵشـکاوی
ژنێکم
پێچاک نـەکرێتـەوە!

(شــلاوەر) گەنجێکی کۆیی بێکەس و بێدەرەتان و لانەوازەیە، کە هاوڕێ (Farhad Tamar Koye) لە فەرەنسـاوە، لە فێیدسبووک نووسـی بووی: "توخوا ئەم گەنجە مەگرێین." من ئەم دەقەم نووسـی.

## (رووتتر لە ئاو)

پاییــز
بمبوورە
هەر سـەرێکم لێنـەدای
ئاخر لـەم وەرزەدا
شــاعیرانـی بـەردەرگای
سینـەماکانـی فێیسبووک
هێندە شــەهوەتبـازانـە
ڕووتیان کردیـەوە
رووت رووت
بـێ دەرپـێ و
بـێ ستیـان،
هـەر کـە قـەڵـەمم
دەگاتـە ئـاقاری ماڵتـان
سـەر دادەخـا و
لـە خۆی تـەریق دەبێتـەوە.
پاییـز
ئـەی کچـی بـێ نـازی ساڵ
حـەیف بوویتـە بووکـەڵـەی
هـەرزەکارانـی هزر کاڵ.

## (ڕاســتی)

قـەت نـەمدەزانـی
من هێنــدە درۆزنم
هـەمیشـــە دەڵێم:
هــەر تــۆم خۆشــدەوێ
کــەچی:
گوڵ ماچ دەکـەم
تریفـە لـەباوەش دەکـەم
کڕنۆش بۆ زەردەپەڕ دەبـەم
خۆلـی زێدەکـەم بۆن دەکـەم
ســۆفـی ئـاسـا
لـە خـەڵوەتگـە
خوداپـەرستـی دەکـەم.
چەند درۆزنم!

قـەت نـەمدەزانـی
تـۆ هێنــدە درۆزنـی
هـەمیشـــە دەڵێیت:
هــەر تــۆم خۆشــدەوێ
ئـەدی
ئـەو هـەموو نـەورەسـە
لـە نێو دەریای چاوەکانتا چیدەکـەن؟

ئەو هەموو پەپوولانە
بۆ دەوری باغی
پرچ و ئەگریجەت بەرنادەن؟
کێ ... کێ ... ئەو هەموو
گوڵاوەی بەسەر
ستیانەکەتدا پژاندووە؟
ئەدێ چۆن
ئەو هەموو شیعرە جوانەت
هەر بە نیگا
لەسەر دیواری دڵی
لەتیف هەڵمەت
هەڵکەندووە؟
چەند درۆزنی!

# (شــنه و باڕەش)

(١)

** "اللـهـم اغفـر لـه."*

*دوعای ڕکاتـی چوارەمە*

*کاتـێ نوێژم لەسـەردەکەن!*

*       "اللـهـم اخفـی اثره."

بــــــــم... ، بــــــــم... ،

کاتـێ پەنجە و پەڕوباڵـی

کۆترەکان و "نـەبی یوونس"

دەم وچاوی عاسمانـی خوا

زامداردەکەن،

دەسترەشـەکان

هیلالی منارەی ڕۆحمان

بە دوکەڵی تریفەی خنکاو

سواغ دەدەن!

**(٢)**

** کە ئاسکەژن*

*دێنە سەر ڕێ،*

*" غض البصر".*

- لەبەر دەرگای

"الجامع الکبیر"

لە کۆنە شـاری موسڕێ

**مەزات ... مەزات... مەزات...**

**ها... جووت مەمکی چواردەساڵان.... ٣٥٠ دۆلار!**

**کەزی شۆڕی نۆزدەساڵان ..... ٢٥٠ دۆلار!**

**قەیرە سەبایەیی سینە پان .... ٢١٥ دۆلار!**

**مەزات ... مەزات... مەزات... !**

**(٣)**

**** جامەئاوی پشیلەکەم***

***دەستم دەگرێ***

***بەرەو بەهەشت.***

- **لە "ئامیرلی"**

**٨٣ ڕۆژ**

**پەلەقاژەی مردنی بوو، ئاوی خنکاو.**

٨٣ ڕۆژ

لە "ئامیرلی"

لەناو زاری کۆرپەڵەدا

شێت و شەیدای قومێك شیر بوو

مەمکی بڕاو!

**(٤)**

**** لەژێر پێی دایکانە ، بەهەشت.***

- " لە خەندەقی سێیەمەوە

بۆ خەندەقی چوارەم

پێنجەم

شەشەم

حەوتەم

جیهاد پیرۆز دەکەنەوە

بەمنی دایکی یەك لالش

بەمنی دایکی حەوت زارۆك،

خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە

جیهاد پیرۆز دەکەنەوە!"

(٥)

*نەکەی!*

*تەونی چاڵچاڵۆکە نەدڕی*

*کۆترەباریکەیەك نەگری.*

* جوجەڵەی بن تریانان و پەنجەکانم

مراوی دەم گۆلاوان و نیگاکانم

بەرخۆڵەی ناو کۆزەکان و دەستەکانم

خەزێمی هەرزاڵەکان و چاوەکانم

زیکەزیکی هێلانەی پەرەسێلکان

گمەگمی

سواندەی کۆترەقەڵآشـەکان

لایەلایەی بێشکەی پەپوولان

نێڵە نێڵی لالەی شکاوی دەواران

نووزەی دڵ و

زریك و هۆڕی زارۆکان

لەبن تایەی هەمەری ڕەش

وەك جەرگم دەفلیقێنەوە،

لەسەر نووکی شمشێری ڕەش

پاڕچەئاوێنەی ڕۆحی خودان

لەدووررا

دەبرسکێنەوە.

(٧)

- *براگیان، بڕوانە بەرپێ خۆت!*

*ڕۆحی یەك تاكە مێرووله = ڕۆحی هەموو مرۆڤەكان.*

* "خڕ گۆچان و دارشەقەكان
لەبن ئەم دیوارە ڕێزكەن،
خڕ لانك و جۆلانەكان
لەنێو ئەم كەندڕە داكەن،
خڕ چارۆگ و سركەیی و سەڵتەسوورەكان
لە نێو ئەم تەویلە بەندكەن،
خڕ سعات و ئەلقە و پشتێن گوڵ گوڵییەكان
بە زەمەند و تووتڕكی سەر ڕێگا دادەن،
خڕ بازنۆكە و گووارە و دەرزی و سنجاقەكان
لەبەر پێی میر

ڕێز ڕێز ڕاخەن،

الله اكبر

واحد ... اثنين ... ثلاثة ...

ارمـــى

الله اكبر!"

**(٧)**

* *دوورخەیتەوە کووچکە بەردێ لە ڕێ*

*ڕیزێك چرا*

*لەگۆڕەکەت*

*دادەگیرسێ.*

*قاچی شـــەکەتی پردەکان

قامکی باریکی پەنجەران

پشـتی قـەڵا و

تـەوقـەسـەری تـاوێرەکان

بـەژن و بـاڵآی ڤینـۆسـەکان

نـەقش  و تـاتووی

سـینگ و مـەمکـی دیوارەکان،

لـە قـەسـابـخـانـەی داعشـدا

چـەپچاغ ...چـەپچاغ...

چـەپچاغـی ڕەش

گۆشـت و ئێسقـان قیمـەدەکا،

کـەلـلـەسـەری شـەقارشـەقار

لـەسـەر ڕێیان فـڕێ دەدا!

(٨)

** ئاو، هەنگوینی کانیاوانە*

*نەکەی بەردی تێ بهاویت!*

* تابتکوژن

چاوی کانیاویان دەرهێنا،

تابتکوژن

مەمکی سۆلاڤیان بڕیەوە،

تابتکوژن

شریانی ڕووباریان شەق کرد،

تابتکوژن

بە دوکەڵی ڕۆحی سووتاو

هەورەکانیان

یەك یەك خنکاند،

تابتكوژن

تك

تك

ڕەشاوی چۆڕاوەی

نووکە شمشێرەکان

دەڕژێننە نێو

گەرووی وشک و سووتاوی تۆ

گەرووی ئاسک و

گەرووی کێڵگە و

گەرووی قاز و

گەرووی شەوبۆ!

(٩)

* *هەر دڵۆپە ئارەقەیەك*

*لەسەر تەوێڵ*

*بەرماڵ ڕاخا،*

*دوو ركات نوێژ*

*بۆخوا دەكا!*

- لە بازاڕی ڕەحیماوە

لەسەر شۆستە

لەسەر بەڕە و

لەسەر كەچە عارەبانە،

بووكەڵەكان

بە مندالان پێدەكەنین،

مەمكبەند و تۆقە و دەسماڵ

بە هەرمێ و سێوی ژێر سوخمە پێدەكەنین،

قەڵمە ڕەنگاوڕەنگەکان

بە خەیاڵی پەپوولەکان پێدەکەنین،

تەزبیحی قەزوان و گۆچان

بە مەقامە خۆشەکانی "عەلی مەردان"

پێدەکەنین،

نێرگلە و شووشەعەترەکان

بە دوا ماچی بەجێماوی

سەر لێوی

"دڵدار"ی شاعیر پێ دەکەنین،

هێشووەترێ پێ دەکەنی،

کوڵمەی هەرمێ پێدەکەنێ،

کۆترەی قەفەز پێدەکەنی،

سرووەی بەیان پێدەکەنی،

تاڵەتیشکی سەر شەپقەی پیر

پێدەکەنی،

پاقلاوە هەر پێدەکەنی،

کولێرە هەر پێدەکەنی،

هەر گوڵدانە و پێدەکەنی،

هەر "لەیلایە" و پێدەکەنی،

لەناکاوڕا

زرمەی ماتۆڕێکی خۆکوژ

دڵۆپە ئارەقەکانی

سەربەرماڵی نانی حەلاڵ

لە خوێنی سوور دەگەوزێنی،

پێکەنینی کوردستان و هەموو دنیا

لە دوکەڵی خوێناویدا دەخنکێنی!

(١٠)

*** پێغەمبەر میوانی خوایە**

***پێغەمبەر***

***ئاوە ... چرایە.***

- بارەش دەلورێنێ:

(بۆ بالآی هەر خاچێك .... مینێك!

بۆ گەردنی هەر لالشێك .... شمشێرێك!

بۆ ئیمامی هەر تەزبیحێك .... فیشەكێك!

بۆ خەونی هەر حەوزەئاو و تاتەبەردێك .... نارنجۆكێك!

بۆ سەدای هەر بانگ و سەلآ و ناقووسێك....
دۆشكەیەك!

بۆ ورشەی دارزەیتوونی هەر گۆڕێك.... تەورێك!

بۆ حاڵی هەر دەفژەنێكی ئەلقەی زیكر.... زەرگێك!

بۆ گەرووی هەر قورئان - خوێنێكی پرسە.... چەقۆێك!

بۆ ملی هەر كۆترەیەكی غەیرەدین.... ساطورێك!

بۆ چەمکی هەر سواڵکەرێکی

بەردەرگای "سوڵتان موزەفەر" .... چەپچاغێك!

بۆ ئاسمانی هەر "کۆبانێ"یەك.... سێدارەیەك!

بۆ هەر گابەردێکی "شنگال" ..... کاتیوشەیەك!)

•ئێستا میوانەکانی خوا

هوون هوون دەگرین،

ئێستا میوانەکانی خوا

بۆ "شنگال" نوێژ دەکەن،

بۆ "کۆبانێ" دوعا و

بۆ ئاوارەکانی خاچ ئاوارە

بۆ ئاوارەکانی هیلال ئاوارە

بۆ ئاوارەکانی مۆمدان ئاوارە

کرنوش دەبەن.

منداڵە کوێربووەکە گوتی:

" خەونم بینی

محەمەد دەیگوت:

عیسا دەیگوت:

موسا دەیگوت:

بارەش... پەتایە

بارەش غەنیمی نووری خودایە!"

٥/ ١٠/ ٢٠١٤ کۆیە

## (بـــۆ؟)

نـە تریفـە دەزانـێ
بۆ بووەتـە برژانگـی زیووینـی
چاوی مـانگ
نـە ڕووبـار تێدەگـا
بۆ بـەرە بـاوەشـــی
دەریاچـە
وا بـە خوڕ دێتـەخوار
نـە پـەروانـەی سـەرمـەست دەزانـێ
بۆ دەبـێ
هـەر لـەلای شـوعلـەدا بخـەوێ
نـە منـی پیریی هـەرزەکـار
تێدەگـەم
بۆ تـەنیـــاو
تـەنیـــاو
تـەنیـــا
هـەرئـەتۆم خۆشـــدەوێ.!

## (لاسـايى)

بێژمار
دڵۆپەباران
دەنکە خۆڵی سـەرزەوی ماچ دەکەن

بە ملیار
کڵۆبەفر
سینگ و مەمکی لوتکەشـاخان ماچ دەکەن

هەزاران هەزار
قەترە شـەونم
کوڵمی گەڵای سـەوز و جوان ماچ دەکەن

بە هەزاران
زاری شـەنگەبی
پڕدەدەنە گەردن وبناگوێی شـەپۆڵی ڕووباران و
ماچیان دەکەن

ئا لەم ساتە
سەدان دڵدار
مرچ مرچ هەنگوینێ لێوان دەلێسنەوە و
شێتانە یەکدی ماچ دەکەن

لێ قەت هیچیان
وەکو یەکەمین ماچی من تۆ
نازانن یەکتر ماچکەن
ئەز بەوە دەزانم
هەر هەموویان
هەموودەم
لاسایی یەکەمین ماچی من و تۆ دەکەنەوە و
ناشزانن چۆن
یەکتر ماچکەن!

## (کێڵەکەم)

بنووسن
لەژوورسەرم؛
ئەمە کڵکۆی
ئەو
شاعیرە زەبوونەیە
تا سۆمای چاوانی ڕژا
وەسفی جوانیی
چاو و برۆی
کچە کۆییانی
بۆ نەکرا.

## (گەشــکە)

ورد  ورد  فنجانی قاوەکەی بۆ خوێندەوە و پێی گوت: کچم
ئەو سوارچاکەی
کە ئەسپی حدودی بۆسەفر زینکردووە
لەو هەورازە مێرگەش بۆ خۆی
ئەسپێکی یەکجار چەلەنگ و نازدارتری
مێخ کردووە
کچە یەکسەر بەلاداچوو
لەهۆش خۆی چوو!

٢٠٢١ / ٢ / ٧

## (مەحاڵ)

چاوەکانت دەبەستمەوە و
لەسەرە باڵم هەڵت دەگرم
تانەگەمە سەرکەپکی شاخ نانیشمەوە
ئەوجا چاوەکانت دەکەمەوە و
لێت دەپرسم:
ـ ئێرە کۆێیە، گوڵێ باخم؟
ـ ئێرە...؟ جا کەس هەیە نەزانێ ئێرە کوێیە!
خەرەندەکەی ڕەواندزە.
ـ نەتزانی... گوڵێ، نەتزانی
ئەمە دووکەناری فیراقی من و تۆیە
کە مەحاڵە پێک بگەن و
جارێکی دی
دەست لە ئامێزی یەکدی کەن!
مەگری... گوڵێ..
گوڵێ ... مەگریێ...
باوەڕ بکە، ئێستاش
سەد هێندی ئەو خەرەندە
خۆشم دەوێی! خۆشم دەوێی!

## (عەتر)

ئیزائیلی خودای هێژا،
خۆزگە...
ئەودەمەی
تەشریفتان دێنا
هەناسەیەک
لەو گوڵاوەت لەخۆت دەدا
کە ٤٦ ساڵ پێش ئێستا
یار
لەبناگوێ و گەردنی
بێگەردی دەدا.

## (تەگبیر)

نە ڕووبار و نە شەپۆڵ
قەترە فرمێسکی تۆیان
پێناگاتە لا من
تۆ زۆر دوووووووری زۆر دووووووووووور.

نە شەماڵ و نە ڕەشەبا
کزەی هەناسەی منیان
پێناگاتە لای تۆ
من زۆر دوووووووورم  زۆر دووووووووووور.

بۆ بە ڤینۆس نەڵێن
لەجێی قازی
با ڕۆحمان لێک مارە بکات
گەر مردیشین
بەدەستی پیرۆزی خۆی کفنمان کات
هەر بۆخۆشی
لە یەک گۆڕ
تەلقینمان بدات،

## (خۆشـــم ناوێیت)

گریمان
سیسارکە کەچەڵە پیسەکە
لەمێخڕا
هەردوو مەمکی هەڵکێشـای
هەر خۆشـــم دەوێیت.

گریمان
خێوی گڕ
پەلاماری دایت و
بوویت بە عاجباتی
هەر خۆشـــم دەوێیت.

گریمان
دەستڕێژێک
لەخۆپێشـاندانێکا
هەردوو قاچی
قووت کردی
هەرر خۆشـــم دەوێیت.

گریمان
وەرگەڕایتەوە و
داعشئاسا
خۆشەویستیت
لەناو دڵدا
پەل پەل کرد
هەر خۆشم دەوێیت.

من هەر لە یەک هەڵوێستدا
خۆشم ناوێیت
گوزەر بکەی
بەلای گوڕی شەهێد و
کڕنووشی بۆ نەبەیت!

٢٠١٨ / ١١ / ٢١

## (دركاندن)

ئەو هەموو
ســۆنار و
تیشــک و
تەندوور و
سیتیسکان و
خۆێنگرتنە!؟
دکتۆرینە
بۆوا خۆتان هیلاک دەکەن
خۆ لە چاوانمڕا دیارە:
(بێ ئەو) یــە
نەخۆشــییەکەم!

## (تـاوان)

خونچە کۆشــتن تاوانـە

کۆتر کوشــتن تـاوانـە

بـاغچە کوشــتن تاوانـە

جۆگە کوشــتن غـەدرە ، زوڵمـە، تـاوانـە

جـەنگـەڵ کوشــتن بـاوکە گـەورەی تـاوانـە

ئـاسـمان کوشــتن تـاوانێکە

یـەکجـار گـەورە

بـەقـەد خوێنـی هـەور و مانگ و ئـەسـتێرەکـان.

ئـەی خوایـە گیـان!

دەبـێ لای تۆ تـاوانێکـی چـەند گـەورەبـێ:

کوشـتنـی ئـەو منداڵانـەی

لـەدرزی خێوەت، بـە خـەیاڵ

خونچە و کوتر و باغچە و جۆگە و جەنگەڵ و ئاسمان

وێنا دەکەن و خۆشیان دەوێن

بەبێ ئەوەی کە بزانن

بۆ دەبێ ئەوانیان خۆش بوێ

هەروەك چۆن کە نازانن:

بۆ دەبێ ئەم خیوەتگە

قەبز و تارە

ماڵی وان بێ!

خوایە گیان، ئەی تاوانی

حەڵاڵ کردنی خوێنی دایکیان

بە کام

سورەت ڕسوادەکەی؟

٢٦ / ٦ / ٢٠١٦

## (جامادانییەکانی ئیمڕۆ)

جامادانییەك نابینم لێرە
پاك پاك
باڵی پەپوولە بێ!

جامادانییەك نابینم لێرە
بۆنی دۆلاری ترشاوی لێنەیێ!

جامادانییەك نابینم لێرە
چەند پەڵە خوێنێکی
کاکمی پێوە نەبێ!

لێرە جامادانییەك نابینم
مشکی گەندەڵی نەیقرتاندبێ!

جامادانییەك  لێرە نابینم

ئاراوی، ڕەنگی خیانەت نەداتەوە!

جامادانییەك نابینم لێرە

بۆنی ئەو مندالّە خەوتووەی گرتبێ

کە دایکە تەلآقدراوەکەی

لەدەم شۆستەیەکدا  فڕێی داوە!

لێرە جامادانییەك  دەبینیت

ڕێشوەکانی چك چك

سۆزی دایکایەتییان

لێ بتکێتەوە؟

جامادانییەك لێرە بۆن دەكەیت

بۆنی خودای لێ بێ؟

كێ كۆنە شـــەدەێكی( شـــێخ) م

شـــك دەبا؟

كێ مشـكییە نورانییەكەی

دەوری سـەری (پێشـــەوا) م

نیشـــان دەدا؟

جامادانییە خوێناوییەكەی

(قاسملوو) لە كوێ بێنم!

من دەمێكە دەمەوێ خۆم بخنكێنم!

**(چما فریشتەش دەبەیت...مەرگ؟)**

بۆ دڵنەوایم

مانگ ئەمشەو

ڤینۆسی لەگەڵ خۆی هێناوە

ئاخەکانم

بە تریفە و زریووە دەشۆنەوە.

بۆ فەرامۆشێم

پاییز

هەموو لیرەی گەڵاکانی خۆی

داوە بە کولێرە و دابەشی کردوە

بەسەر هەژاراندا

هەر بۆ ئەوەی خوا

تەسکینی دڵم بداتەوە.

تا سەیلی سرووشکم بسڕێتەوە
پەلکەزێڕینە
دەسماڵێکی حەوتڕەنگی
بە سنجاقی نووزە
بە بەرۆکی خەماوییمەوە کردووە.

بۆ هازسۆزیی
شنە، جریوەی غەمگینی
هەموو مەلەکانی ئەو دارستانانەی
بە سەبەتەیکی
چاو بە فرمێسکەوە بۆ ناردووم.

تا خەمەکانم لەبیربباتەوە
تاڤگە
بە پرووشەی پڕ لە جوانی خودا
دەست بەسەر نێوچەوانی ئاگرینم

دادەینێ و

سەردوڵکەم بۆ دەڵێتەوە.

تا تاریکی دڵم بڕەوێنێتەوە

باران

مۆمێکی داگیرساوی

داوەتە دەست هەر دڵۆپەیەکی و

کۆڵان کۆڵان

بە لووشە لووش

بەدوامدا دەگەڕێ.

بۆ هەنیسکی زامە قوولەکانم

پەپوولە

بە پەڕی ناسکی گوڵ و

شیلاوی سەرلیووی خۆی

لیوی حەسرەتابارم

بۆ تەڕدەکا.

ماتەمبارو پرسەدارە

مەحوی

بە ناڵەی پەیڤی سۆفیگەرانە و

بە زایەڵەی شیعری خوداوەندی

ڕامدەژەنێ و

دەملاوێنێتەوە

ئەمشەو.

یاران... ئازیزان...

منی پەژموورده

قەت هیچم لە ئێوە ناوێ

ئێوەی میحنەتبار

گەر دڵی کەیلی شەوڕۆتان دەوێ

بڕۆن

چەپکە خەندەیەکی

باغی لێوەکانی "دڵنیا"م

بۆ بێننەوە

بڕۆن ئەستێرەی ڕژاوی

تەمەنی جوانیی "دڵنیا"م

لەم گۆڕستانە

بۆ خڕکەنەوە.

## (کۆترەکانی باغی شەهیدانی قوڕەبەرازە) *

کۆترە دنووك ئاڵەکەی باغی قوڕەبەرازە!

غەزەب!

چۆن دڵت هات،

ئەم نۆزدە هەڵۆ باڵ سوورەم خەڵتانی خوێن کەی؟

ئەشـهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره سەربالْ شینەکەم!

نەفرەت!

چۆن بە دنووك،

پانزده هەزار گۆڕت بۆ براکانی خۆت

پێ هەڵکەندرا؟

ئەشهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره بەرسینگ خاڵدارەکە!

چۆن توانیت بە شاباڵت

سەفین شەقکەی؟

نیوه زەرد و ، نیوه سەوز!

ئەشهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە چاو دوو ڕەنگەکەم!

بۆچی کوکوختییەکانی بەرماڵی مامەڕیشــەت

ڕادەستی پەپۆی خیانەت کرد و

بە تەنیا بەجێت هێشــتن؟

ئەشــهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە کلآو ڕەنگاڵەکە!

چۆن دڵت دێ

پۆڕە مەمك نارنجۆکە بریندارەکانی قەندیل

لەسەر شۆستەی شــار فڕێدەی؟

ئەشــهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە لامل قەترانییەکەم!

چۆن ئەشکەوتەکانی زارگەڵی

پێشانی سیسارکەکەچەڵەکانی

(میت) دەدەی؟

ئەشەهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە تەقڵەبازەکەم!

لەهەر کوێ دڵۆپە خوێنێکی شەرەفکەندی

فڕەی باڵی بێ

تۆ ڕاپۆرتی لێدەدەی.

ئەشەهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

****

کۆتره شـاپەر قاوەییەکەم!

نـەجارێك لـە دەرگـای زیندانـی (ئـەڤین) ت دا

نـە خوولێك بـە ئـاسـمانـی ئـیمڕاڵیدا سـوڕایتـەوە،

هـەر لـە بـەغدا و تـەنقـەره و تـاران چینـە دەكـەی.

ئـەشــهـەدو...

هـەقیانـە، ڕۆژانـە جنێوبـارانت كـەن!

***

کۆتره سـەر پێلو سـپییـەکەم!

بۆ زەردەپەڕی ڕۆژاوا

دەكـەیتـە شـوولـی چـەپـەر و

ڕێنـادەی قـازوقـوڵینگـەكـان

ئـاسـوودە كـۆچ بـكـەن؟

ئەشـــەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

کۆترە ڕەنگ خورماییەکەم!

بۆ بە نووکە دەرزی دنووکت

چاوی پیرە باز و تەواران کوێر دەکەی؟

ئەشـــەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە دنووك یاقووتەکە!

چۆن دەستت هات

پێنج هەزار تڵی ڕەنگاو ڕەنگی مەلەك تاوس

لە کلآوی قەلەڕەشـــەکان ببەستی؟

ئەشـــەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتری گەردن سوێسکەیی!

لە ڕۆژنامەیەك نووسرا بوو:

تۆ چەند هەزار پەرەمووچت

بە پلەی باز و شـەهین خانەنشـین کردووە؟

ئەشــهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە بن زگ زەردەکەم!

تۆ لە پەنجەرەی شکاوی

هۆڵی ئەزموونەکان

دەچیتە ژوورەوە و پرسیارەکان

بۆ تاوەرەکانی ئینتەرنێتی شــار دەبەی.

ئەشـهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره سـەرشـان زێرینەکەم!

تۆ شـەوانە نەوتی چرا و لالـەی شـار دەدزیت و

ڕۆناکیت لە شـەقام و ماڵەکان حەرام کردووە.

ئەشـهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره دەنگ نووساوەکەم!

تۆ سمۆره کەمئەندامە دەست کورتەکان

لە دەوروبەری منارە

دەدەیتە بەر دنووکان

ئەشـهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە شینەی چاو برسی!

تۆ هەموو گێڵگە گەنمەکانت

حەپەلۆش کرد.

غەزاڵ نییەتی، پاوانەیەك بۆ کەژاڵی کچی بکڕێ.

ئەشهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە هەزار ڕەنگەکەم!

تۆ بە خەنەی بابە گوڕگوڕ

ڕیشی شەمشەمەکوێرەکان سوور دەکەی،

بە سورمەی شەنکال

چاویان ڕەش دەکەی.

ئەشهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره بەختەوەرەکەم!

تۆ لە تۆقەڵەی بورجی خەلیفە

هێلانە چێ دەکەی و

لە دەربەندی مەڕمەڕەدا کڕ دەبیت و

لە جەنگەڵەکانی ئۆکسفۆرد

بێچوەکانت

فێره فرێن و خوێندن دەکەی.

ئەشـهەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆتره چاو زیتەکەم!

تۆ هەردوو باڵەکانت

بەسەر ئەم گردانە شـۆڕ کردووەتەوە و

سـیبەری دارگوێزەکانیشـت پەرژین کردووە.

ئـەشـــهـەدو...

هـەقیانـە، ڕۆژانـە جنێوبـارانت کـەن!

***

کۆترە ڕەشـــە تیژڕەوەکـەم!

تۆ بووی ئـەو کلاشـینکۆفـە پێخواسـتـەت گریاند،

کـە دەیـەویـسـت بـێ پێلآو

بگـەڕێتـەوە بـەرەی جـەنگ؟

ئـەشـــهـەدو...

هـەقیانـە، ڕۆژانـە جنێوبـارانت کـەن!

***

کۆتـرە چاوبـازەکـەم!

تۆ بـە دزییـەوە دەچیتـە

ڤێلایـەکـەی دەوری شـــار

لـەگـەڵ نـەورەسـە سینگ ڕووتـەکـانـی بـەیروت و

مراوییـە سـمت خڕەکـانـی ئـەسـتـەمبۆڵ

لـە گۆمـاوی شـەراب مـەلـە دەکـەی.

ئەشـەدو...

هەقيانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە چاو بە خومارەکەم!

تۆ نیازت وایە

هێلانەکانی ئەم دارستانە

بفرۆشیتە ماسیگرە و قەلەباچکەکانی

زەڵکاوەکانی باشوور.

ئەشـەدو...

هەقيانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

****

کۆترە نەخوێندەوارەکەم!

تۆ ناتەوێ

ئەو دەفتەرانەی چوار پێنج ساڵە لە زانکۆکان

خۆيان دەنووسنەوە،

ڕەنجی بەریدەستی خۆیان بخوێننەوە.

تۆ دەتەوێ

بیانکەیتە

کلینیکس

بۆ دەم ولووتی جام ڕەشـــەکان.

ئـەشــهـەدو...

هەقیانە، ڕۆژانە جنێوبارانت کەن!

***

کۆترە چاو جوانەکانی

باغی شەهیدانی قوڕەبەرازە!

ئێوە شــایەنی نەفرەتن

ئێوە شــایەنی نەعلەتن

ئێوە شــایەنی سێدارەن

نیشـتمانی ئێوە ئاسمانێکە

سـپی سـپی

زەرد زەرد

سـوور سـوور

سـەوز سـەوز

شــین شــین

هـەموو ڕەنگێکتـان لـەباوەش گرتووە

جگـە لـە ڕەنگی گـەندەڵی

ئێوە شــایـەنی سـێدارەن.

* لە ساڵی (٢٠٠٩) کە گەڕامەوە کوردستان، چەند هێلانە کۆترەیەکم لە باغی شەهیدانی قوڕەبەرازە لە کۆیە دروستکرد و چەند جووت کوترەیەکم کڕێ و خەریکیان بووم تا بەوێ هۆگر بوون. ڕۆژانە منداڵان سەردانیان دەکەن و وێنەیان لەگەڵ دەگرن و دیمەن و جوولەیەکی جوانی بە باغەکە بەخشیوە. ئەم باغە بەناوی ئەو داستانەیە کە لە نزیك گوندی قوڕەبەرازە، لە دەشتی کۆیە لە ساڵی ١٩٧٨ ڕوویدا و ، تێیدا (١٩) پێشمەرگە شەهید بوون. لە ڕۆژی ( ٣ / ٧ / ٢٠١٦)، پێیان گوتم کە خەڵکانێك هەن ڕۆژانە جنێو بۆ تۆ و بنەماڵەکەت دەنێرن، چونکە ئەم کۆترانەت هێناوەتە ئەم باغە. منیش لە (٤ / ٧ / ٢٠١٦) ئەم شیعرەم نووسی.

## (نیتانە چاو)

پڕپڕتان کرد
چاوم، زارم، سینگم، دەستم
ئەوەی تۆ
بێزی لێدەکەیتەوە
ئەوەی تۆ
لە خۆتی دەکەیتەوە
ئەوەی تۆ
بە بینینی دەڕشێیتەوە
شاباش... شاباش
وەکو نوقڵ و گەزۆ و چوکلێت
بەسەر سەری
بێڕەنگی منی دادەکەی
نیتانە دەم
نیتانە چاو
خۆ من زبڵخانە نیمە
ئەز ئاوم.. ئاو...
ئاو ... ئاو ... ئاو... ئاو...
ئاو... ئاو ...ئاو ...
ئاو... ئاو ...
ئاو...

**(سـۆزناك و ســەهەند و  كۆسـرەت)**

ڕووبارە ئاوازێكیان نووسـیوەتـەوە

درێێێێێێێێێێێژ درێێێێێێێێێێێێژ

لـە پیرەمـەگرونـەوە  تا شــیوی ڕەزان،

نـا...! درێژتر لـە سـەدای سـەحـەری سـێوە

نـا...! نـا...!  درێژتر لـە كۆسـتـی سـۆزنـاكـی ئێوە

"ئارەزوو"

سـەحـەران

دەبێ نۆتـە نۆتـە ئـەزبـەری بكـات و

"مهاباد"

ئێـواران

دڵۆپ دڵۆپ

لـە بـەنداوی  چاوەكـانیدا گلیبداتـەوە.

دەنا  تا پەسـلآن جـارێكـی دی

نـە (بانجـۆ)

چریکە فێری بولبولان دەکات  و

نە (سەنتۆر )

ئاگران لە بریـنان بەردەدا.

سەحەران...

زەردەپەڕان...

"ئارەزوو و مهاباد"  بۆ ئێوە دێنە ژووان،

ئەم کۆچەتان!

ڕووبارێکە خەمناک

ئاوازێکە سۆزناک.

(سۆزناك و سەهەند) ی خوێندكاری زانكۆ و (كۆسرەت)ی كاسبكار، لە ڕۆژی ٩ ی تەمووزی ٢٠١٦، بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل لە نزیك پیرەمەگرون گیانیان لە دەستدا. هونەرمەندان (ئارەزوو و مهاباد) باوانی (سۆزناك)ن، كە ( بانجۆ و سەنتور) دەژەنن.

## (خەونۆکە)

**بۆ د. ئازاد ئەحمەدی هاوڕێم**

کە خۆشـمویسـتی
تێگەیشـتم
پشـکۆ ئاگر
چەند ساردترە
لە کلوبەفر!

***

کە ڕۆیشـتیت
تێگەیشـتم
کلوبەفر
چەند لە سکڵ
گەرمترە!

لەم شــــەوەدا

لە چەقی ڕێی بوون و نەبوون

نە پشــکۆبەفر

چرای ڕۆحی

پێدادەگیرسێ!

نە کلوئاگر

قەندیلی(عیشــقی)

پێ سپی دەکرێ!

٢٠١٦ / ٨ /١

## (کۆبانێ)

بێشکە دەڵێ من کۆبانێم

هەسپ دەڵێ من کۆبانێم

ڕێگا دەڵێ من کۆبانێم

ئاڵا دەڵێ من کۆبانێم

چرا دەڵێ من کۆبانێم

دایکم دەڵێ من کۆبانێم

کۆڵبەر دەڵێ من کۆبانێم

زریان دەڵێ من کۆبانێم

بەدمەست  دەڵێ من کۆبانێم

لۆرکا دەڵێ من کۆبانێم

کۆسار دەڵێ من کۆبانێم

برین دەڵێ من کۆبانێم

ئاپۆ دەڵێ من کۆبانێم

ئاگر دەڵێ من کۆبانێم

قەڵەم دەڵێ من کۆبانێم

شەهید دەڵێ من کۆبانێم

کێشکە دەڵێ من کۆبانێم

تفەنگ دەڵێ من کۆبانێم

'نارین"یش لە کۆبانێ دەڵێ:

من کۆبانێم

من ئاگربەرکەی یەپەگەم،

من ئەفسانە نۆبەرەکەی

ئەم سەدەیەم!

٢٠/١٠/٢٠١٤ کۆیە

ئاگربەر: ئامادەبوو بۆ سووتان

**(نازە کۆچ)**

(نازە) ش دەڕوا

پاییزیش دێ

گۆڕەکەشم "دەبێتە خاکی سەرەڕێ"

جا تریفە

لەبەر ئاوێنەی

کێلی کام ئاشق

پرچی نیگەرانیت دادەهێنێ؟!

جا ئەرخەوان

لە نێو خەرمانەی

مەمکی کام سووتاو

ماچە پاییزیەکانمان بە جێدەهێڵێ؟!

٢٤/ ١٠ / ٢٠١٤

**(دڵگوڵ)**

دڵم بۆ هێنای

کردت بە کوانۆ

گوڵم دیاری بوو

کردت بە پشکۆ

ماچ

پێغەمبەری

دڵ و گوڵم بوو

سووتان

پاداشتی

پشکۆ و کوانۆت بوو.

٢٤/ ١٠ / ٢٠١٤

## (چەقۆبارانە)

ئەم زستانەم
یەکجار تووشــە:
وەکو کوندەی سەربەرەوژێر
هەر ئاوارەیەوە دەبارێ!

ئەم زستانەم
یەکجار تووشــە:
نووکەی زارۆکی نێو قوڕاو
نووزەی گورگی ڕەشــەبایە
لە دەربەندی تەنیاییدا دەلورێنێ!

ئەم زستانەم

یەکجار تووشــە:

خیوەتگەی لاڵ

وەک هەسپەکەی (عەدە بەرەک)

لەبەر لافاو

لە نێو گریان

لامل بەسەر شانی خەمدا لاربۆتەوە!

ئەم زستانەم

یەکجار تووشــە:

ئاسمان هەتیووچەی بێ بەرگە

لەسەر چینچکان دانیشتووە

خۆی بە هاڵاوی دەروونی

ژنانی ئێزیدی گەرم دەکاتەوە و

خاچی ملی کچۆڵەکانی مەسیحیی
کردووەتە مژمژەی زاری،
دەمێکی تر  وەکۆ شنگال
برسی ... سارد سارد ...
سەردەکاتە سەر ڕانی شاخێکی بێزار
بە خەیاڵی تاووسە هەترەکراوەکەی خۆی
چاولێکدەنێ و نازانێ بەخەبەر دێتەوە یان نا!

ئەم زستانەم،  یەکجار سەختە:
سۆزیی شەختەیە و
ماچی لیوانی:  بروسکە!

یەکجار تووشە: ئەم زستانەم
خەم، بارانە
ئاخ، زریانە

**بەهای بوون و**

**سەنگی مرۆڤ**

**خاڵی هەزار و یەک پرس و**

**تێڕامانە!**

**ئەم زستانە**

**ئابڕوو چوونی مێژوومانە!**

٢٦/ ١٠/ ٢٠١٤ کۆیە

*لافاوی عەدەبەرەک: لە ١٩٥٧/٦/٦ لافاوێک ڕوویدا و ئەم زاتە و ئەسپەکەی تێدا خنکان لە رووباری کۆیە، نزیک دەرکی خۆشناوان. ئەم ڕووداوە بووبە مێژوویەک بۆ ئەم شارە.

## (حەیف)

لێوتم فڕکرد و نەمردم
خەنجەری سۆزت
لەسەر گۆی مەمکم
سەری دەرکرد و نەمردم
بروسکەی غەمزەت
زەنەی ئاگراوی
لە چاوانمدا پژاند و نەمردم
نەورۆزێك نەبوو
ڕۆحم بۆ شەوی نۆساڵی عومرت
دانەگیرسێنی و نەمردم
هەزار جار گەردنی
ئەم دڵە دیلەت
بە پەتی ئەگریجەی خۆتدا
شۆڕکردە و ئەز نەمردم

کـەچی چـوار پیتـی

"حـەیـف"ەکەی

دواکورتـەنـامـەی

دەسـت لێکبـەردانـت

چـوار جـار کوشــتمی:

حـێ: "حۆری"یـەك بـوو

داعشـزادەی پـووت

ســەری پـەڕاندم ... کوشــتمی!

ئـە: "ئـەژدیها"یـەکی

دەرگای دوزەخ بوو

ڕِۆحـی لـێ ســاندم ... کوشــتمی!

یی: "یازوخ"ێکی

ئـەغیارانـەبوو

قـەدەری گڕدام ... کوشــتمی!

فـێ: فـاسقێکی گـەڕ

لـە دنیای کردم

دینی سووتاندم ... کوشتمی!

گەواهی دەدەم:

مانگ و خۆر و ئاسمانی...

وەلێ سەت حەیف

دەست و پێ سپیت

لە عیلمی خۆشەویستیدا

ئەلفوبێش نازانی!

حەیف سەت حەیف

"ڕۆبۆت"ە کچی بێ گیانی!

*یازوخ: حەیف .*

## (ژەهرى ڕەش)

ڕا بن ... ڕا بن ...

گەڕدەلوولى تەجاڕى ڕەش

شمشێرى ڕەش

ئاسمانى ڕەش

بەرەو ئێرە

بەڕێوەیە،

ئەم جارەیان:

لیوى ڕەشیان

بۆ گەزى مەمکى گوڵناڕى

کیژانى داك ئەنفالکراو

خۆش کردووە،

تیغى ڕەشیان

بۆ لیوى زامى خوینبەڕبووى

سینگى هەڵەبجە و

بـالیسـان

تیژکرِدووە،

ئـەمجارەیان

بـۆ گوڵ و پەپولـەکانی

دایەنـگە و باغچەی سـاوایـان

لـە ڕەشــاوی تـۆز و خـۆڵی بیـابـانـەوە

هـەگبـەی دەسـت و دیارِییان

پڕکرِدووە

بـۆ نـاو سـتیانی کیژۆلآن

زەڕدەمـارِ و دوپشــکیان

ڕاوکرِدووە.

تـەجـارِی ڕەش

لــە ڕوبارِی خـوینی سـەڕی خـامـە و

گـوڵ و زارِۆك نـەبی

هـەرِگیز دەسـتنویژ

هەڵناگرن،

بە خۆڵەمیشی کتێب وتابلۆ و

سیدی و گیتار نەبێ

هەرگیز فتار ناکەنەوە.

لەسەر تانەی چاوی ئەوان

خودا ڕەشە

جگە لە چارشێوی ڕەش و

هەوری ڕەش و

کاغەزی ڕەش

پەیامی هیچ ڕەنگێکی تر

ناخوێننەوە.

ڕابن ... ڕابن ...

ماچەکانتان متوربەکەن

بە گوڵەمێخەکی سوور سوور

خـەنـدەکانتان ئـاویتـەکەن

بـە گوڵـە وەنـەوشـــەی چـاو مـۆڕ

خـەونـەکانتـان بـاڵآپۆش کەن

بـە گوڵَە لاولاوەی پـەمـەیی

وەڕزەکانتـان ئـاڕایشــت کەن

بـە گوڵـە قـەنـەفری زەرد،

ڕەنگە جـوانـەکانـی ڕووی گـوڵ

ڕەنگە جـوانـەکانـی خـودان،

خـودا

هیـچ گوڵـیکـی ڕەش نـەکرەدوە

چـوون قـەت ڕەشـــی

تیکەڵ  پاکیی

نـەکرەدووە.

گەڕدەلوولی تەجاڕی ڕەش بەڕێیوەیە
شــەوکویڕن و
ڕەنگی گوڵ
کویرتڕیان دەکا،
ڕەنگی گوڵ
هارتریان دەکا.

ڕابن ... ڕابن ...
تەجاڕی ڕەش
ژەهری ڕەش و
مەرگی ڕەش و
ئایندەیی ڕەشــی پێیە.

١٦ / ٦ / ٢٠١٤ کۆیە

## (بمناسەوە)

هاوسەنگتر لە
دوو باڵی نەخشینی پەپوولە
لە وردە پڕووشەی زیووینی
سەر تاڵە مووی قژی تاڤگە
لە سەمای (بالێ)ی
جووتە گوارەکانت
دەنووسم.

***

هێمنتر
نەرمتر
لە لێوی سەر مەمکان
لە هەنگی سەر گوڵان
لە خاڵی گەردنان
نووکە خامەی پەنجەم
دەنێمە سەر پەڕی دڵەکان

هەر دڵناسەکانن
دەزانن
جار هەیە نووسینی برژانگیی
خراپتر
لەچەقۆی نووسینی بزماریی
ناسکەدڵان دادەڕووشێنێ
خوێنی لێدێنێ!

***

قەڵەمێک
باڵاکەی لە زێڕ بێ
نووکەکەی شمشێر بێ
چاوانی
خوێناوی داربەڕووی تێزابێ
مەحاڵە ئەمن بم
تاجی سەری بەرزم
لەتە لاستیکێکە
هەڵەکانمی پێ دەسڕمەوە
سەرپەنجەی خامەکەم
گۆی مەمکی جوانێکە
چاوە جوانەکانی
پێ گەشتر دەکەمەوە!

٢٦ / ١١ / ٢٠٢٠

## (ئاكاری شــاجوانەكەم)

پیاڵە چایەكەی دەستت
هێندە بۆن و بەرامەی خۆشــی تۆی گرتووە
حەزدەكەم
ساڵێك لە نێو دەستی بگرم و
فڕێكی لێ نەدەم.

***

ترپەی دڵۆپەئاوەكانی پەنجەت،
كە نانەكەم بۆ دەڕشـێنی
سەدای ئەو لایەلایەم بۆ دێنێ
كە (٦٨) ساڵە دەمخەوێنێ.

***

سەرگەسکەکەی ماڵی پێدەماڵی
سورمەیەکی لێ دەبارێ
هەر حەزدەکەم
چاوە کزەکانمی پێ ڕەشکەم.

***

کە بەیانیان لێفەکەی سەرچاومت لادەدا و
دەتگوت، هەستە درەنگە بۆ مەکتەب
وێنەی فریشتەیەکم دەدیت،
هەر لە خۆت دەچوو.

***

ئێستاش کە دەستم دەنێمە نێو دەستە چوورچەکانت و
سەرم دەخەمە سەر سینەی پڕ حەسرەتت
وادەزانم
لە بەهەشتدام و خودا بۆخۆی
لەباوەشی سۆزی گرتووم
دایە گیان!

## (ویستم له دەرگای پێیچەکەت بدەم)

گزنگی نەدابوو
هەر لەخەوهەڵسام
بەهێمنی
لچکی پەردەی پەنجەرەکەتم لادا
ویستم سەرێک بە ژوورەکەتا داگرم
کاتێک
بۆنە خۆشەکەی بنگەردنت
شاڵاوی بۆ هێنام و
خەریک بوو مەستمکا
گوتم:" سوپاس... خودا جوانەکەم
سوپاس...
کە ئەمشەویش
جوانەکەم
تووشی کۆرۆنا نەبووە"!

***

دەمەوەنیوەڕۆ
هاتم لەپێش  پێیچەکەتا ڕاوەستام
وەکو منداڵ
ویستم بە بیانۆیەک لە دەرگا بدەم
بڵێم:
"ڕۆمانی مایناشێی ستیی کەریم کاکەت خوێندەوە؟"
بڵێم:
"تۆ لاپتۆپە فریزبووەکەت چۆن (ڕییستارت) کردەوە؟"
بپرسم:
"ئەمشەویش زەغتەکەت هەر بەرزبوو، یان نیشتەوە؟"
لێ، کە بینینم
لە پەراوێزی شیعرە نوێیەکەمدا
کۆمێنتێکت داڕشتووە
نیوەی ژەهر... نیوەی هەنگوین!
کرڕ... کشامە دواوە و
کش  و مات گەڕامەوە.
درەنگانی شەو
وەک دزێکی ترسنۆک
خۆم خزاندە ژوورەکەت
یەک یەک وشەی پۆستەکانتم حینجەکرد!

گەڵا گەڵا ئینجانەی وێنەکانتم بژارکرد!
پێک لەسەر پێک
پیاڵەئاوازی فەیرۆزەکانم فڕکرد!
کە بەسەر واڵێ هاوڕێیەکانتدا هەڵگەڕام
تەنز و توانج و پلارەکانم هەڵسەنگاند
بینینم لە دوایین پۆستتدا
لە ژێر قەفەزی هەڵواسراوی بولبولێک نووسیوتە:
"شـــەوتان شـــاد... هاوڕێیان"
زانیم
چەند تەنگە قەفەزەکەت
چەند سارتکە زیندانەکەت
دۆش دامام
ئاخر نەتۆ شوولی ئەو قەفەزەت
پێدەشکێ
نەمن بەرپرسە بەرتیلخۆرەکەی ئەو زیندانەم
پێدەکڕێ!
لەپاڵ بەردی جێژووانێکی
ژێر تریفە مانگەشەوی پاییزیدا

بەخەیاڵێ ئاشقانە
دەستمان خستە نێودەستی یەکدی و
شان لەسەر شان
بەدەم خەوەوە
هەردووکمان خەوتین.

***

زوو زوو، بەیانی زوو
نەکۆ جەنگی سێیەمی جیهانی ڕابێ،
مۆمی ئەم پۆستەم کوژاندەوە و
کاغەزی شیعرەکەم ونچڕ ونچڕکرد و
دەرگای واڵەکەی خۆم
جوان جوان داخست!

## (نێچیرەڤان)

تاسەحەر
نوێژی ئیستیخارەت دادەبەستا
شەوان
بەحەسرەت بووی خەونم پێوەببینی
حەفتە نەبوو
لەسیلەی ماڵی "خاتوو پیرۆزێ" شەمولە نەگریتەوە
هەر جارەی
پەڕۆکەسکی پیاوچاکێکت لە مەچکی خۆت گرێدەدا
هەموو وەرزان
نەزر و قوربانیت لە خۆ دەگرت
یار!

هەرزوو
بە سیحری چاوی جوانت
چەشتەبووم و
قولابی برژانگی ئەشقت
لەمەلاشووی عومرم گیرکرد
یار!

وەرە، توبی و خودا
چیتر بەرگەی ژانی ئەو چەنگاڵە شوومە ناگرم
ئازادمکە و
لە جێی ماسییە زێڕەکەی زنجیری ملت
بەسەر مەمکەکانتا شۆڕمکەوە
بمکە دڵێکی مەرجانی شین
بۆ بەندی سعاتەکەی دەستت
لەجێی تابلۆ خەیامییەکە
بەرانبەر سیسەمەکەت
هەڵمواسە
یار!

وەرە، توبی و خودا
چیتر بەرگەی ژانی ئەو قولابە ئاگرینەت ناگرم
دەستت لەو داوە نایلۆنە بەردە
با لەنێو گێژاوەی ئەو دەریایەدا
ئازادانە بۆخۆم بمرم
دەمەوێ قولابەی ئەو برژانگەت
ڕۆژی حەشر
ببەمە بەر عەرشی خودا
یار!
قەناسێکی
چەند جەربەزەی
ڕاوچییەکی
چەند شەپرزەی
ژن!
خوداوەندێکی
چەند سەرسەختی
ئاشقێکی
چەند بەدبەختی
ژن!

## (مەنزڵی نوێم)

دایە...
هیچ خەم مەخۆ
لە هەر کوێیەکم دەنێژن بمنێژن:
لە خوار گۆڕستان!
لەپاڵ گابەردێک!
لەدەم جۆبارێک!
لە ڕۆخ ڕووبارێک!
لە چۆلەوانی!
لە سارا و بیابان!
لە کەژ و کێوان!
هیچ خەمت نەبێ،
لە هەر کوێیەک بم
چۆلەکە کێلم بەرنادەن
ستێرە لە بیرم ناکەن
کەسیش زەیتوونەکەم هەڵناکێشێ و
ئەتکم ناکەن.
لە هەر کوێیەکم دەنێژن بمنێژن.

## (با کەعبە کەچ نەبێ)

کراسەڕەشەکەی دایکمی خواستۆتەوە
چل کەزیی تریفەداری
بە هەور داپۆشیووە
پرسەی داناوە
مانگ.

سەری ناوەتە سەر ئەژنۆی خۆی
لەکەناری ڕووباری چاو
وەک ژنە جەرگسووتاوەکە
خۆی ڕادەژەنێ
شەنگە بی.

کچەکەی ڕەواندزێیە
لەو خەرەندە بڵندەوە
خۆی فڕێدەداتە خۆارێ و
خۆی دەکوژێت
تاڤگە.

خۆت عادز مەکە
تەمەن کۆا بای عادزبوونی
بەربەریەوە ماوە

گوڵێ
با کەعبەکەچ نەبێ
عادزمەبە
با قیامەت ڕانەبێت و
دونیا سەرەوژێر نەبێ
عادز مەبە.

## (پاییزنامە)

فڕین بێ ماڵاوایی

نە سەفەری هەورە

نە قەدەری بەفرە

ئاوابوونی مانگی عومرە.

***

لەنێوان قەدەر من و

سەفەری تۆ

تاڵە ئاوریشمێک

لە بسکی پەلکەزێڕینە

بەکێ دەگیرێ؟

***

قەدەری ئەم تەمەنە

چەند کورتە

کورتتر

لە ماچەکەی کۆڕنیشی زەردەپەڕ

تەمەنی ئەم قەدەرە

چەند درێژە

درێژتر

لەشیرەکەی نێودەستی مێژووی شەڕ

***

هەموو بیرەوەرییەکانم

دایەوە دەست خۆی

تەنیا

ماچەکانم دڵنەهات

ئێستا

هیچ شتیکم نییە

بینێمە نێو تابووتەکەم

مەگەر

خەرمانەکەی سەرگۆنات.

***

چەند پەشێمانی

شیعرێکت

لە دەفتەرەکەی دەستی

شێرکۆ

ئەزبەرنەکرد

بۆ شینگێڕانم

چەند پەشیمانم

خاڵێکم

لەو گەردنە

بۆ نەدزرا

بۆ گەردەنەی شیعرەکانم

***

لەو ئێوارەوە
کە دەمەداسی مانگەکە
هێشووە گوڵەگەنمەکانی پرژانگتی
درویێنەکرد
من نابینام
لەو سەحەرەوە
کە پەنجەی زیووینی خۆر
پرچە زێڕینەکەتی
تیشک پژێن کرد
من هەموو دونیام.

## (هـاواری سـروشـــت)

(١)

که به ڕەوەزەکەدا

هەڵدەگەڕانەوە،

لەبەر خۆیانەوە

جووتە کەوێك دەیانگوت:

"ڕەبی ، جارێکی تر

سینگی ئەو دایکە

بۆنی بێشکە نەکاتەوە!"

***

که مل و گەردنی خۆی

لە گابەردێکا دەخشاند

لەبەر خۆیەوە

گوێدرێژێك دەیگوت:

" ڕەبی، جارێکی تر

دەستی ئەو دایکە

کەمەرێك شك نەبا

تێی بئاڵێتەوە!"

***

کە دارهەنار

مەمکی هەنارەکانی

بۆ زاری کانی شۆڕکردەوە

گوتی:" ڕەبی،

چاوی ئەو دایکە بڕژێ

کە ئەو لێوە گەشانەی تۆی

بە زەرداوی

ئەم (داییبیە) پیسانە

مردارکردووەتەوە."

(٢)

که شــنه بـه ڕێوه بوو

گولآوی شــەونمی مەمکی (گوڵێ) ی بۆ  (ســێوه) دەبرد

لـەبـەر خۆیەوە دەیگوت:

" ڕەبی، ئاوی کەوسـەرتـان

لـێ ببێتـه ژەهرەکەی هەڵـەبجـه!"

***

کە دوو بنکه ژاڵـەی سـپی

بـەرانبـەر یەکتر

لـەسـەر تاتـه بـەردێکا شــەترنجیان دەکرد

لـەبـەر خۆیانـەوە دەیانگوت:

"ڕٍەبـی، وەك حوسـێنـی کـەربـەلایـه

لـه تێنـان بـخنکێن!"

کە بێچوە قرژاڵێك

لە زاری شووشەیەك عاسێ بوو

دایگی دەیگوت:

"ڕەبی، هەموو بوتڵ و شووشەی

دەم ئەم ڕوبارانە

ببنە چەقۆ بۆ گەردنتان!"

(٣)

تورەیە... زۆر تورەیە!

نابینن

نایلۆن

چۆن لە قژ و پژی ڕەز ئالآوە؟

چۆن قاچی بای شەتەکداوە؟

نابینن

نایلۆن

چۆن خەرمانەی مانگی نێو کانی خنکاندووە؟

کوڵمی شەکرە سێوی زەوی چلۆن سووتاندووە؟

نابینن

نایلۆن

چۆن لە قۆچی مامزەکان ئالآوە و

بەرچاوی خۆیان نابینن

نایلۆن

بالآی نازداری درەختی

بەڕەنگی شین و مۆر تەنیووە

دەمێکە

نە ڕیشۆڵە بەفر و

نە گۆران هەورامان و

نە چاو چەنگەڵی

بینیووە!

**برا...!**

**تورەیـە... زۆر تورەیـە!**

**لـە تـۆ...**

**خودا.**

دایبییە: کیسـۆکە دەرپێی منداڵانە بۆ خۆ پیسـنەکردن بە میز و...

.

## (لەسـەرە مەرگا)

دەتبەخشـم

بـەومـەرجـەی

بـەدەستـی خـۆت

بنێیت بـە نێوچەوانمەوە

تاکە گوللـەیـەکی ڕەحم!

***

ئیدی چیتر

وەسفی جوانییەکەت ناکەم

نەکۆ

کچۆڵەیەکی کۆرۆنادار

غیرە بیگرێ و

بێ ماچت کا

یان

ماچم کا!

***

تووشــی زەهایمەرت کردووم

دوێنـێ

دایکم ماچ دەکرد و

پێمدەگوت:

"بەقوربانت بم

گوڵێ !"

***

ببوره

ناتوانم

وێنە جوانەکانت

وتە ئاڵتونییەکانت

لایک بکەم

کۆمێنت بکەم

با نەڵێن:

ئەو پیرەمێردە

ئاشقی

گڵۆکەهەنارێک بووە!

***

ئەگەر مردم

گەردنت ئازاد نەبێ

ئەگەر خۆت سپیی پۆش نەکەی

ئاخر

مردیشم

بەکراسی بوکێنیم نەدیتی!

***

هەرچەندی

دیقەتی وێنە تازەکەتمدا

هیچم نەهاتە پێش چاو

تومەز

چاوەکانم

ڕژابوونە نێو

دەریای شینی چاوەکانت!

کەس بەمن نەبێ:

گلەییم لەخۆم دەکرد

ئاگاێکم لەو (دڵەم) نەماوە

بیرم چووبوو

کە لەنیو سینەی خۆمدا

هەڵمگرتووی.

***

ئەگەر هاتیتە

سەر گۆڕی دایکت

ئاوڕێک بۆ لای باکوور بدەرەوە

دەزانم ناوێری

بێیتە سەر گۆڕەکەم!

خوانەخواستە

پێش من بمری

چۆن بێم

دێرە شیعرێک

لەسەرە کێلەکەت هەڵکەنم

خۆ دەمکوژن!

هەموو خەونەکانمان

بوونەتە فایرۆسی کۆرۆنا

دەرفەت نادەن

لە درزی دەرگاشەوە بتبینم

خەمت نەبێ

ئەمشەو ناخەوم!

چاوی پڕ غیرە و

زمانی بەکرۆک و

دڵی گۆماناوی تۆ

سێگۆشەی بەرمۆدا بوون

خۆشەویستیی

ساڵەها ساڵیان

هەڵلووشی.

## (نەبان)

وشـــە وشـــە

تـەوڕات و ئـینـجیل و قورئـانـم

ڕاڤەکرد

ڕستـە ڕسـتـە

سۆقرات وفـارابـی و دیـکـارتم

شـیتـەڵکرد

دێڕ دێڕ

بـاندۆرا و فرۆید و بـاڤڵۆڤم

گێرەکرد

کۆپڵە کۆپڵە

چوارەینەکانی خەیام و

جەلالەدینی ڕۆمی و بابەتاهیری هەمەدانیم

ئەزبەرکرد

کەچی سەرم

لە یەک حەرفی

ئێشقی  مەجازی و حەقیقی

ئەو شۆخە

دەرنەکرد!

## (سەرەپەتێک)

وێڵ و سەرگەردان
لە حەوت کیشوەری پان و بەرینیدا
گەوەرێک
شک نابەم
تێدا ڕاکشێم وبێ ترس
سەرخەوێکی تێدا بشکێنم
حەوت کیشوەری پان و بەرین
حەوت سارای قاقڕ قاقڕ و
سارد و غەمگین.
تەنیا و قەلەندەر
لە نێو پێنج زەریا و دەیان دەریادا
دوورگەیەکم
چەنگ ناکەوی
لە بن دار گوێزێکی هیندی
بەڕەیەکی لێ ڕاخەم و
شیعرێک بۆ ئەستێران بخوێنمەوە و
جارێک
دەستی مانگە هەڵخلیسکاوەکەی نێو ئاوەکان بگرم
پێنج زەریا و دەیان دەریا
چۆلییەک لە چۆلەوانیدا خنکا

غەریب و غەوارە
حەوت ملیار و نیو
ڕۆژانە شان لە شانم دەدەن
پێ لە پەنجەکانی پێم دەنێن
لەگەڵما لە شەقامەکاندا ڕێ دەکەن
لەگەڵما لە سینەمایەکاندا تەماشای تایتانیک دەکەن
لەگەڵما لە خۆپێشاندانەکاندا هاوار دەکەن
بەیەکەوە سواری شەمەندوفەڕ دەبین و
گەشت دەکەین
کەچی کەسێک شک نابەم
لە زمانی دەردەدڵم تێبگا
زامە بە ژانەکانم تیمار بکا
غونچە گوڵێکی خۆشەویستیی
لە یاخەم بدا
حەوت ملیار و نیو ژن و پیاو
حەوت ملیار و نیو ڕۆبۆتی ئارایشتکراو
بۆ هەر خانەیەکم ملیۆنان فیشەک
بۆ هەر شانەیەکم هەزاران خومپارە و مووشەک
بۆ هەر ئەندامێکم هەزاران فڕۆکەی شەڕکەر
بۆ هەر پەنجەیەکم دەیان بۆمبی هیلیۆم و ئەتۆم
لەسەر ئەرزێکم، بە قەد ژمارەی دنکە خۆڵەکانی

مینم بۆ چێندراوە
بە قەد گەڵای دارەکانی نەخشە و دەسیسەی
تیرۆرکردنم کێشراوە
من چێم؟
بەقەد ڕەنگاڵەیەکە دڵم
بەقەد مراوییەکە سەرم
بەقەد گوڵە هێڕۆیەکە دەستم
بەقەد پەنجە ماسیین پەنجەکانم
چیتان لێم دەوێ؟
لەم گەردوونەدا
لەو حەوت کیشوەر و
لەو پێنج زەریایە و دەیان دەریایەدا
لەنێو ئەم حەوت ملیار و نێوە ئادەمەدا
من هەر بەدوای سەرە پەتێکدا دەگەڕێم
بە چڵی دارژنێکی سۆزانیدا
هەڵیواسم و
ئەم گەردنەی
پێهەڵواسم
من بوونێکی هەڵەم
لە زەمان و مەکانێکی هەڵەم.



## پرۆفایلی شاعیر

* (فازیل حەمەد عەبدوڵلآ جەیدی) ناسراو بە (شەوڕۆ)، لە شاری کۆیە لە ساڵی (١٩٥١) لە دایکبووە.

* (١٩٧٥) بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب ــ زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

* (١٩٧٢) یەکەم شیعری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) بلآوکردووەتەوە.

*(١٩٨٢ ــ ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و کەلەپووری کوردی لە شارەکانی کوردستاندا کردووەتەوە.

* (٢٠٠٢) خەلآتی شانۆگەریی (شەهید)ی لە شاری (سرت) لە (لیبیا) پێبەخشرا.

* (٢٠٠٤) خەلآتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە (کۆماری ئایرلندای باشوور) پێدرا.

* (٢٠١٠) خەلآتی (سەید برایم)ی پێبەخشرا.

*(٢٠١١) خەلآتی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیەی پێدرا.

* (٢٠١٣) خەلآتی (فیستیڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی) لە هەولێر پێدرا.

* (٢٠١٥ ) خەلآتی باشترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (١٩) ەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلیمانی بردەوە.

*(٢٠١٦ ) خەلآتی باشـترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە (٢٠) ەمین فیسـتیڤاڵی گەلاوێژی بۆ جاری دووەم لە سلیمانی بردەوە.

بـەرهـەمە چـاپکراوەکـانی:

o (کۆتـرێك لە ئـاگر) ، شـیعر. (٢٠١١)، چاپخانـەی شـەهاب ــ هەولێر.

o (دەنگ لە شـیعری کەریم دەشـتی دا)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٢)، دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (هەورازەکانی کاروانی تـەمـەنم ــ حەسـەن کاکە)، بیرەوەری دارِشـتنەوە، (٢٠١٣) . چاپخانەی شـەهاب ــ هەولێر.

o (دوو کتێب لە یەک کتێبدا)، لێکۆڵینـەوە، (٢٠١٤)، چاپخانـەی حاجی هاشم، لە هەولێر.

o (دوو لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی)، لێکۆڵینـەوە، (٢٠١٣)، دەزگای ئـەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (ڕەهەندەکانی خـەون لە شـیعری کوردیدا)، لێکۆڵینەوە، (٢٠١٤)، دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر.

o (سـەدای شـیعر) بەرهەمی هاوبەشـی نۆ شـاعیر، (٢٠١٤)، خانـەی چاپی ئـەربیل ــ هەولێر.

o (ماچـەکانی ئێواره کـازیووه)، شـیعر، (٢٠١٤)، چاپخانـەی شـەهاب ــ هەولێر.

o (ژنـە پیشـەوەرەکانی کۆیە ١٩٠٠ ــ ٢٠١٥)، کەلتوور،(٢٠١٥)، چاپخانـەی شـەهاب ــ هەولێر.

o (پۆشـاکی کۆییان) کەلتوور، (٢٠١٧)، چاپخانـەی تاران.

- (کەو لە کوردەواریدا) کەلتوورو باڵندەناسی، (۲۰۱۷)، چاپخانەی تاران.
- (جگەرە لە جیهانبینی شـیعری شـێرکۆبێکەسدا)، لێکۆڵینەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە ، (۲۰۱۷)، ئاکادیمای کوردی.
- (دایک لە جیهانبینیی شیعری لەتیف هەڵمەتدا)، لێکۆڵینەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە ، (۲۰۱۹)، چاپخانەی تاران.
- (ئاگردانێک بە قەد نیشتمان)، بیرەوەری، دارِشـتنەوە، هاوبەش لەگەڵ د. هاوژین سلێوە (۲۰۱۹)، چاپخانەی سلێمانی.
- (ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل)، پەروەردەیی، (۲۰۲۰)، دەزگای ژیاری پەروەردەیی، چاپخانەی تاران.
- ئەندامی یەکێتیی نووسـەرانی کوردە.
- سـەرنووسـەری گۆڤاری (کلتووری کورد)ە.
- سـەرنووسـەری گۆڤاری (شـــارەوان)ە.
- ئەندامی دەستەی نووسـەرانی گۆڤاری (ژیــار)ە.

لە بلاَوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و پەروەردەکاری و کۆمەڵناسـی و ژینگەپارێزیی و گێرانی کۆڕ و سیمیناردا کارا و چالاکە.

# پێڕست


| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| (پەنجەکان) | ٧ |
| (هەڵەبجە) | ١٠ |
| (پینجی ئادار) | ١٢ |
| (عەدۆ) | ١٥ |
| (١٤ی گارەی ٢٠٢١) | ١٧ |
| (عەیشەگروکە) | ٢٠ |
| (پوولەکەی پاپا) | ٢٧ |
| (داگیرکردن) | ٢٩ |
| (دیاری) | ٣١ |
| (سپوساغ) | ٣٢ |
| (بغداد) | ٣٥ |
| (خەو لە وڵاتی تاریکدا) | ٤١ |
| (هەنیسکی ساوایەک) | ٤٥ |
| (ماچەشیعر) | ٤٦ |
| (دەمژمێری تەمەن) | ٤٩ |
| (دوور دوور هەڵفڕی) | ٥٢ |
| (٧٠) | ٥٤ |
| (حەوا) | ٥٧ |
| (٢٠٢٠/١٢/٣٠ باشوور) | ٥٨ |

| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| (چرەدوکەڵ) | ٦٥ |
| (بەهەشتی دۆزەخ) | ٦٨ |
| (جەلال مەلەکشا) | ٧٠ |
| (نیشتەرگەریی چاو) | ٧١ |
| ( ویصاڵی وەرزەکان) | ٧٢ |
| (لەزەمەنی کۆڕۆنادا) | ٧٣ |
| (کوچکەبەورد) | ٧٤ |
| (تارمایی ترسێک) | ٧٥ |
| (دڵ و چاو ئاوێزان) | ٧٦ |
| (جوانیی خودا) | ٧٨ |
| (١٤ ی ٤ ی ٢٠١٩) | ٨٠ |
| (بێ خەم بە) | ٨٣ |
| (کۆچی مانگ) | ٨٤ |
| (کۆڵبەران خەندەی ساوایانیان لە کۆڵە) | ٨٧ |
| (ژیانەوە) | ٩٠ |
| (بەخشینەوە) | ٩١ |
| (ئاشتبوونەوە) | ٩٢ |
| (ئیفادە) | ٩٣ |
| (ژنە مووشەک شکێنەکانی قەڵا) | ٩٥ |
| (ئێوارە ڤالەنتاین) | ٩٨ |
| (شەهید یاخییە) | ١٠٠ |
| (خاشاک) | ١٠٤ |
| (هاوخەمی) | ١٠٥ |
| (پرسیار) | ١٠٦ |

| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| (جەرگسۆز) | ١٠٧ |
| (قەڵەم) | ١١١ |
| (سەبەتە ئاخێک) | ١١٤ |
| (بۆ ژنێکی بە گلەیی) | ١١٩ |
| (نەفرەت) | ١٢٠ |
| (مەیگرێنن) | ١٢٢ |
| (رووتتر لە ئاو) | ١٢٦ |
| (ڕاستی) | ١٢٧ |
| (شنە و بارەش) | ١٢٩ |
| (بۆ؟) | ١٤٦ |
| (لاسایی) | ١٤٧ |
| (کێلەکەم) | ١٤٩ |
| (گەشکە) | ١٥٠ |
| (مەحاڵ) | ١٥١ |
| (عەتر) | ١٥٢ |
| (تەگبیر) | ١٥٣ |
| (خۆشم ناوێیت) | ١٥٤ |
| (درکاندن) | ١٥٦ |
| (تاوان) | ١٥٧ |
| (جامادانییەکانی ئیمڕۆ) | ١٥٩ |
| (چما فریشتەش دەبا، مەرگ؟) | ١٦٢ |
| (کۆترەکانی باغی شەهیدانی قورەبەرازە) | ١٦٧ |
| (نیتانە چاو) | ١٨١ |

| ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|


| | |
|---|---|
| (سۆزناک و سەهەند و کۆسرەت) | ١٨٢ |
| (خەونۆکە) | ١٨٤ |
| (کۆبانێ) | ١٨٦ |
| (نازە کۆچ) | ١٨٨ |
| (دڵگوڵ) | ١٨٩ |
| (چەقۆبارانە) | ١٩٠ |
| (حەیف) | ١٩٤ |
| (ژەهرِی رەش) | ١٩٧ |
| (بمناسەوە) | ٢٠٢ |
| (ئاکاری شاجوانەکەم) | ٢٠٤ |
| (ویستم لە دەرگای پێیچەکەت بدەم) | ٢٠٦ |
| (نێچیرەڤان) | ٢١٠ |
| (مەنزڵی نوێم) | ٢١٣ |
| (با کەعبە کەچ نەبێ) | ٢١٤ |
| (پاییزنامە) | ٢١٦ |
| (هاواری سروشت) | ٢٢٠ |
| (مەرگ) | ٢٢٦ |
| (نەبان) | ٢٣٤ |
| (سەرەپەتێک) | ٢٣٦ |
| پرۆفایلی شاعیر | ٢٣٩ |

سوپاس و قەدرزانیم
بۆ هونەرمەندی بەهرەدار
(عادل زرار)
کە خۆبەخشانە
نەخشەسازیی بەرگی ئەم کتێبەی ئەنجامدا.